له بڵاو كراوه‌كانی ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت

# ئه‌ی لاو ...

# بیروباوه‌ڕێكی ڕاسته‌قینه

# وه‌ربگره

كۆكردنه‌وه‌و ئاماده‌كردنی

پێداچونه‌وه‌ی

هیـوا زیـــــره‌ك

ماموٚستا عه‌دنان بارام

١٤٣٢ كۆچی ٢٠١١له‌دایك بوون

-----------------------------------------------------------------------------

ماڵپه‌ری به‌هه‌شت

ba8.org

ماڵپه‌ڕێكی ئیسلامی زانستی په‌روه‌رده‌یی یه‌ و له‌پێناو بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئیسلامه‌یه‌ كه‌ سه‌له‌فی صالّح - پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوه‌ڵانی (رضي الله عنهم) له‌سه‌ری بوون - وه‌ سه‌ر به‌ هیچ گروپ و لایه‌نێكی حیزبی نیه‌.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

### * پێشەکی :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

براو خوشکی لاوو بەڕەوشتو خاوەن بیروباوەڕی ڕاستم، لێرەدا وەکو بەشی یەکەمی زنجیرە باسەکەمان بەناوی ( زنجیرە پەیامێك بۆ لاوان )، سەرەتا باسی ( بیرو باوەڕ )تان بۆ دەکەین بەهیوای ئەوەی سەرەتا هەم خۆمو دواتر ئێوەی بەڕێزیش سودی لێ ببینن، ئەوەش بە پشت بەستن بەئایەتە پیرۆزەکانی خودای گەورەو فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری خودا (ﷺ)و وتەو نمونەکانی هاوەڵە بەڕێزەکان ...

هتد . چونکە یەکەم شت کەمرۆڤ لەسەری هەڵدەسەنگێندرێت ئەوەیە کە تاچەند هەڵگری بیروباوەڕێکی چاك و ڕاستەقینەیە . وە یەکەم شت کەخودای گەورەش لێمان داوا دەکات پەرستنی خودایە بەتاکو تەنها ، وەکو لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ( وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ) [٤]. واتە " من جنۆکەو مرۆڤم دروست نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێت کە بەتەنها من بپەرستن ".

بۆیە بەتەنها پەرستنی خودای گەورە ئەرکی سەرەکی هەموو دروستکراوێکی خودای گەورەیە ، جا چ مرۆڤ بێت یاخود جنۆکە یاخود دروستکراوەکانی دیکەی خودای گەورە.وە لەفەرمودەکەی پێغەمبەری خودا هاتووە ، کاتێك (معاذی کوڕی جبل) دەنێرێت بۆ ( یەمەن ) و پێی دەفەرموێت : ( إنك تأتي قوما من أهل الكتاب فليكن أول ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلا الله ) [٥].

واتە " تۆ دەچێتە لای نەتەوەیەك کە خاوەن کتێبن واتە (جولەکەو گاورن) ، بۆیە یەکەم شت کە تۆ دەبێت بانگەوازی بۆ بکەی ئەوەیە کە ( شایەتمان بڵێن ) بەوتنی (لا إله إلا الله)، واتە یەکەم شت کە گرنگە بانگەوازی لەبۆ بکەی یەکتاپەرستی خودای گەورەیە ". بۆیە نیازو نیەتی ئێمە بەپشتیوانی خودای گەورە ئەوەیە کە بیروباوەڕێکی ڕاستو پتەو کە ( بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەت)ە، لەدڵی گەنجو لاوەکانماندا بچێنین کە دوور بێت لەشیركو خورافیاتو شتی ئەفسانەیی، وە بەپشتیوانی خودای

---

[٤] سورة الذاريات ، آية ٥٦.

[٥] متفق عليه.

گەورە هەوڵ بدەین بەهەموو لایەك براو خوشکانی ئیماندار وا فێربکەین کە گرنگترین شت لەلای ئوممەتی ئیسلامو لەلای ئەهلی سوننەو جەماعەت ئەوەیە کە ( یەکتاپەرست ) بن و زۆر گرنگی بدەن بە بیروباوەڕ .

هەروەها لە درێژەی ئەم زنجیرەدا کە ئامادەم کردووەو زۆرێك لەبرایانی دیکە هاوکارمن ، لێرەوە داوام لەو کەسانەیە کە دەیانەوێ بابەتو نوسین بلاّو بکەنەوە لەچوارچێوەی ئەوەدا بێت کە زیاتر تیشك بخاتە سەر گەنج و لاوەکانی ئەم کوردستانە ، جا چ بۆ(کوڕ) بێت یاخود بۆ (کچان) بێت، ئەوا هیچ کێشەیەك نیە دەتوانین لەچوارچێوەی ئەم زینجیرەیەدا بلاّوی بکەینەوە بەپشتیوانی خودای گەورە، چونکە برایانی خۆشەویست خوشکانی ئیماندار پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی :ـ (بلغوا عني ولو آية) [٦].واتە " لەمنەوە ڕایبگەیەنن گەر تەنها ئایەتێکیش بێت".

بۆیە داواکارین لەخودای گەورە بیروباوەڕێکی ڕاستو پتەومان پێ ببەخشێتو لەسەری بمێنینەوەو بەوەوە بمرینو لەکاتی زیندوو کردنەوەشماندا هەر بەو بیروباوەڕەوە هەستین ... ئامین

ئامادەکار / مامۆستا هیوا زیرەك

کفری ( ٢٨ی ڕەمەزانی ١٤٣١ ) کۆچی.

( ٧ـ٩ـ٢٠١٠ ) زاییینی.

---

(٦) متفق عليه.

**تێبینی : ئەم باسەی ئێمە پێکهاتووە لە ( ٣ ) بەشی سەرەکی ، ئەوانیش :**

**بەشی یەکەم :** (ئیسلام چیە؟) (ئیمان چیە؟) (چاکەکاری چیە؟) ، (ئایا عیبادەت چیە ؟ و جۆرەکانی چین ؟ مەرجەکانی وەرگرتنی عیبادەت چین ؟) ، (ئایا تاغوت چیە؟) ، (وشەی یەکتاپەرستی و بەشەکانی ، مەرجەکانی ، سودەکانی ، گرنگی یەکەی چیە؟) ، (هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام چین؟).

**بەشی دووەم :** زیانەکانی هاوەڵ بڕیاردان چیە؟ ، شیرك چەند جۆرە ؟ شیرکی گەورە چی یە؟ شیرکی بچووك چی یە؟.جیاوازی چیە لەنێوان شیرکی گەورەو شیرکی بچووك ؟

**بەشی سێهەم :** نیشانەکانی لاوازی باوەڕ چیە ؟ هۆیەکانی لاوازی باوەڕ چیە ؟ چارەسەرەکانی لاوازی باوەڕ کامانەن ؟

**سەرەتا :**

پ ١ / ئایا کێ ئێمەی دروستکردووە ؟

وەڵام : ئێمە خودای گەورە دروستی کردووین بەبەڵگەی ئایەتەکانی خودای گەورەو فەرموودە دروستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کەباس لەدروست بوونی مرۆڤایەتی دەکەن.

پ ٢ / بۆچی خودای گەورە دروستی کردووین ؟

وەڵام : خـودای گـەورە بـۆ ئـەوە دروسـتی کـردووین کـە بـەتاکو تـەنها ئـەو بپەرسـتین‌و دوور بکەوینــەوە لەهــەموو پەرســتراوێکی تــر ، وەکــو لــەقورئانی پــیرۆزدا دەفەرموێت ﴿مَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[1] .

واتە "من جنۆکەو ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستنی من نەبێت ".

هەروەها پێغەمبەری خـودا (ﷺ) پرسـیاری لـە (معـاذ) کـردو پێـی فـەرموو : ((یا معاذ أتدري ما حق الله على عباده ؟ قلت : الله ورسوله أعلم قال : حقه أن يعبده ولا يشركوا به شيئا أتدري ما حق العباد على الله إذا فعلوا ذلك ؟ قلت : الله ورسوله أعلم قال : حقهم عليه ألا يعذبهم))[2] .

واتە " ئەی معاذ ئایا دەزانی مافی خودای گەورە چی یە لەسەر بەندەکانی‌و مافی بەندەش چی یە لەسەر خودای گەورە ؟

ئەویش وتی : خوداو پێغەمبەرەکـەی دەزانـن ، پێغەمبـەریش (ﷺ) پێـی فـەرموو مافی خودا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کە بەتەنها بیپەرستن‌و شەریك‌و هاوەڵی لـەبۆ بڕیار نـەدەن ، وە ئەگـەر ئـەوەیان ئەنجامـدا ئـەوا مافیـان لەسـەر خـودای گـەورە ئەوەیـە کەسزایان نەدات ".

---

[1] سورة الذاريات ، آية ٥٦.

[2] متفق عليه.

# بەشی یەکەم :

## یەکەم : ئیسلام چی یە ؟

سەرەتا دەبێت ئێمە بزانین کە ئەو پایانە چین کەوا ئیسلام لەسەری بنیات نراوە و کەسی ئیمانداریش لەسەری هەڵدەسەنگێندرێت ، لێرەدا بەکورتی باسی ئەو پایانە دەکەین کە لەفەرمودەیەکی ڕاست و سەحیحدا هاتووە کە لای زۆربەی شارەزایان فەرمودەیەکی مەشهورو بەناوبانگە ، ئەویش پرسیارەکانی (جبریل)ە (عليه السلام) کە لەپێغەمبەری خودای دەکات (ﷺ) ئەویش وەڵامی دەداتەوە، ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە (بينما نحن جلوس عند رسول الله (ﷺ) إذ طلع علينا رجل شديد بياض الثياب شديد سواد الشعر لا يرى عليه أثر السفر ولا يعرفه منا أحد حتى جلس إلى النبي (ﷺ) فأسند ركبتيه إلى ركبتيه ووضع كفيه على فخذيه فقال يا محمد أخبرني عن الإسلام فقال رسول الله (ﷺ) أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله وتقيم الصلاة وتؤتي الزكاة وتصوم رمضان وتحج البيت ) [٣].

واتە " ئێمە لەلای پێغەمبەری خودا (ﷺ) دانیشتبووین ، پیاوێك دەرکەوت کە جلو بەرگێکی زۆر سپی لەبەردا بوو ، قژی سەری زۆر ڕەش بوو ، هیچ شوێنەوارێکی سەفەری پێوە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێك لەئێمە ئەوی نەدەناسییەوە ، تاکو دانیشتوو هەردوو ئەژنۆی لەبەردەم ئەژنۆی پێغەمبەر (ﷺ) دا ناو دەستی خستە سەر ئەژنۆی پێغەمبەر (ﷺ)و فەرمووی : ئەی محمد ئیسلامم پێ ڕابگەیەنە ، واتا ئیسلام

[٣] متفق عليه.

چی یە؟ پێغەمبەری خوداش (ﷺ) پێی فەرموو :ـ ئیسلام بریتی یە لەشایەتیدان بەوەی هیچ خودایەك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ( اللّٰه ) وە ( محمد ) یش نێردراوی ئەوە ، وە ئەنجامدانی نوێژو ، وە زەکات دان لەسەروەتو سامانو ، گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و ، بەجێهێنانی حەج گەر توانات هەبوو.

کەواتە ئێستا زانیمان کە ئیسلام بریتی یە لە پێنج پایەی سەرەکی و لەسەر کەسی ئیمانداریش فەرز کراوە بەئەنجامدانی : ئەوانیش :

١ ـ وتنی (لا إله إلا اللّٰه محمد رسول اللّٰه).

٢ ـ ئەنجامدانی پێنج نوێژی فەرز لەڕۆژێکدا.

٣ ـ زەکات دانی ماڵو سامان.

٤ ـ ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان.

٥ ـ حەجی ماڵی خودا گەر توانات هەبوو.

**دووەم : ئایا ئیمان چی یە ؟**

لەفەرموودەکەی پێشوودا لەباسی ئیسلام چی یە ؟ دوای ئەوە (جبریل) (عليه السلام) پرسیاری کرد لەپێغەمبەری خودا(ﷺ)و فەرمووی ئیمان چی یە؟ ئەویش لەوەڵامدا

فەرمووی :ـ (الإيمان أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله واليوم الآخر وتؤمن بالقدر خيره وشره) [٤].

واتە " ئیمان بریتی یە لە ئیمان هێنان بەخودای گەورەو بە فریشتەکانو بەکتێبە ئاسمانییەکان و بە نێردراوەکانی خوداو بەڕۆژی دواییو بە قەزاو قەدەر جا چ چاك بێت بێت یان خراپ".

کەواتە ئێستا ئەوەشمان زانی کە ئیمان بریتی یە لە (٦) پایە ، پایەکانیش بریتین لە :

### ١ ـ ئیمان هێنان بە خودا.

ئیمان هێنان بەخودای گەورە بەوە دەبێت کە باوەڕت هەبێ بەوەی خودای گەورە پەرستراوی ڕاستەقینەیەو شایستەی پەرستنە ، جگە لەو هیچ کەسێکی دیکە یاخود هیچ شتێکی دیکە لەدروستکراوەکانی شایەنی پەرستن نین ، چونکە خودای گەورە بەدیهێنەری خەڵکییەو چاکەیان بەرامبەر دەکاو ڕۆزییان پێ دەبەخشێتو زانایە بەپەنهانیو ئاشکرایان ، وە هەر ئەو توانای هەیە پاداشتی چاکەکارانیان بداتەوەو سزای تاوانبارانیشیان بدات. هەروەکو خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ﴾ [٥] . واتە " من جنۆکەو ئادەمیزادم دروست

---

[٤] متفق عليه.

[٥] سورة الذاريات ، آية ٥٦_٥٨.

نەکردووە تەنها بۆ پەرستنم نەبێت ، ڕۆزیم لەوان ناوێت و ناشمەوێ خۆراکم بدەنێ ، بەڕاستی هەر خودایە ڕۆزی دەرو خاوەن هێزو دەسەلأت ".

بێگومان خودای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووەو کتێبەکانی دابەزاندووە تەنها بۆ ئەوەی خەڵکی تەنها خودا بەتاکو تەنها بپەرستن‌و دوور بکەونەوە لەهەموو پەرستراوێکی دیکە جگە لە خودا . وەکو دەفەرموێت ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾[٦]. . واتە " بەڕاستی ئێمە لەناو هەر ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە تاکو خودا بەتەنها بپەرستن‌و دوور بکەونەوە لەپەرستنی جگە لەخودا ( وەکو بت ، گۆڕ ، سەرۆك ، دەسەلأتدار ، دار ، بەرد .... هتد ) .

هەروەها دەبێت بەتاکو تەنها بپەرسترێت و هیچ کات هاوبەشی بۆ بڕیار نەدرێت چ لە دەسلأت‌و خاوەنن‌و بەدیهێنەری شتەکان یاخود پەرستن‌و سوژدەو پاڕانەوەو عیبادەتەکانی دیکە یاخود لەناوو سیفاتە بەرزو پیرۆزەکانیدا.

هەروەها لە ئیمان هێنان بەخودا ، دەبێت بەتواوی ئیمان بهێنین بەو پێنج پایەیەی کە خودای گەورە لەوسەری فەرز کردووین‌و بەکارو کردەوەش هەستین بەئەنجامدانی ئەوانیش ( شایەتیدان بەوتنی (لا إله إلا الله محمد رسول الله) ، پێنج فەرزی نوێژ لەڕۆژێکدا ، زەکاتدانی سەروەت‌و سامان کاتێك گەیشتبێتە ئەو ئاستە ، بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزان ، سەردانی ماڵی خودا بەمەبەستی فەریزەی حەج گەر توانات هەبوو ).

---

[٦] سورة النحل ، آية ٣٦.

## ٢ ـ بەفریشتەکان.

ئیمان هێنان بەفریشتەکان بەدوو شێوە دەبێت : ( بەکورتی ) و ( بەدرێژی) :

بەکورتی : دەبێت موسوڵمان بڕاوی وابێت کەخودای گەورە فریشتەی هەیەو بەدیهێناوە بۆ گوێڕایەڵیکردنیو بەبەندەی بەڕێز خودای گەورە وەسفی کردوونو بەهیچ شێوەیەك وتەی خۆیان پێش وتەی خودا ناخەنو هەردەم ئامادەن لەبۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودای گەورە وەکو خودای گەورە دەفەرموێت ﴿ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ [٧]. واتە " ئەو فریشتانەی کەبەسەر دۆزەخەوەن هیچ کات بێ فەرمانی خودای گەورە ناکەنو ئەو فەرمانانەی کەپێیان دەکرێ جێبەجێی دەکەن ".

هەروەها خودای گەورە لەشوێنێکی دیکەدا بەم شێوەیە وەسفیان دەکاتو دەفەرموێت ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُمْ مِنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ ﴾ [٨].

واتە " خودای گەورە کردەوەی ئەمڕۆو داهاتووی ئەوانە و هەروەها ڕابردوشیان دەزانێو ئەوانە تکاو شەفاعەت لەبۆ هیچ کەس ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت کە خودا خۆی لێی ڕازییە تکایان لەبۆ بکەن فریشتەکان لەترسی خودای گەورەدان ".

---

[٧] سورة التحريم ، آية ٦.

[٨] سورة الأنبياء ، آية ٢٨.

فریشتەکان چەندین پۆلی جیاوازن ، هەندێکیان هەڵگری (عەرش)ی خودان ، هەندێکیان دەرگاوانی بەهەشتو دۆزەخن ، هەدێکی تریان کردەوەی بەندەکان دەنووسنەوە .... هتد . ئەمەی کە خرایە ڕوو کورتەیەك بوو لەسەر فریشتەکانو هەمووشی بەڵگەی ئایەتی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)ی لەسەر هاتووە.

بەڵام (بەدرێژی) : دەبێت موسوڵمان بڕوای بەوانە هەبێت کە خودای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەتاك ناوی بردوونو ناویان هاتووە ، لەوانە (جبریل و میکائیل ، یاخود مالك کە دەرگاوانی دۆزەخە ، یاخود ئیسرافیل کە فوو بەکەڕەنا (صور)دا دەکات ، کە لەچەندین فەرمودەی صەحیحدا باسکراوە.

هەروەها دایکە عائیشە ( ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی (( **خلقت الملائكة من نور وخلق الجان من مارج من نار وخلق آدم مما وصف لكم** )) [٩] . واتە " فریشتەکان لەنور دروستکراون ، جنۆکەیش لە بڵێسەی ئاگر ، ئادەمیش بەو شێوەیە بەدیهاتووە کە بۆتان باسکراوە واتە لە ( گڵ - خۆڵ ) دروستکراوە .

## ٣ ـ بەکتێبە ئاسمانییەکان.

بەکورتی : پێویستە موسوڵمانان ئیمان بەوە بێنن کە خودای گەورە چەندین کتێبی لەبۆ پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە تاکو بانگەواز بکەن لەبۆ خەڵکی بەوەی فەرمانەکانی خودا جێبەجێبکەنو ئایاتەکانی خوداشیان بۆ ڕوون بکەنەوە ، خودای

---

[٩] صحيح الجامع ، رقم ٣٢٣٨.

گەورە دەفەرمویێت ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ﴾ [١٠]. واتە " بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان بە موعجیزەوە ناردووە ، لەگەڵ ئەوانەشدا کتێبی ئاسمانیی و دادوەریمان ڕەوانە کردووە تاکو خەڵکی دادوەری بخەنە بەرچاو ، واتە : فەرمانمان بەدادوەری پێکردوون.

وە خودای گەورە لەئایەتێکی دیکەدا فەرموویەتی ﴿ كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ ﴾ ( البقرة : ٢١٣ ) . واتە " خەڵك لەسەرەتادا لەسەر یەك ئایین بوون ، پاشان جیاوازییان تێکەوت ، خودای پەروەردگاریش پێغەمبەرانی بەموژدەدەرو ترسێنەرەوە بۆ ناردن ، وە لەگەڵ ئەواندا کتێبی بۆ ناردوون ، بۆ ئەوەی لەجیاوازییەکانی نێو خەڵکیدا دادوەری بکەن ".

بەدرێژی : دەبێت ئێمەی ئیماندار بڕوامان بەهەموو ئەو کتێبە ئاسمانییانە بێت کە خودای گەورە ناوی بردوون ، ئەوانیش (صحف ، تەورات ، ئینجیل ، زەبور ، قورئان) کە قورئانی پیرۆز و کۆتاترین و باشترین کتێبی خودایە بەسەر هەموو کتێبەکانی دیکەدا چونکە هەموو ئەو شتانەی لەوانی دیکەدا هەبوون هەمووی لەقورئانی پیرۆزدا هەیە ، دەبێت هەموو موسوڵمانان شوێنی بکەونو لەهەموو شوێنێکیشدا حوکمی پێبکەنو لێی لانەدەن ، وە هەروەها حوکم بەو فەرمودانەش بکەن کەسەلمێنراوە لەپێغەمبەرەوە (ﷺ).

---

[١٠] سورة الحديد ، آية ٢٥.

چونکە خودای گەورە پێغەمبەر (ﷺ)ی ناردووە بۆ گشت جنۆکەو ئادەمیزاد ، وە ئەم قورئانەی بۆ ناردوون بۆ ئەوەی حوکمی پێبکەن لەنێوانیاندا ، وە خودا ئەم قورئانەی کردووە بەشیفای دڵانو بووە بەڕەحمەتو هیدایەتدان بۆ بڕوادارن ، خودای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ [١١].

واتە " ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە پەیڕەوی بکەن ، تەقواتان هەبێتو لەخودا بترسێن بەڵکو بەر ڕەحمەتی خودا بکەون ".

وە لەچەندین ئایەتی دیکەدا خودای گەورە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم قورئانە بۆ هەموو خڵکی خودا لەسەر زەوی دابەزێنراوە لەبۆ ئەوەی کاری پێبکرێت ، هەرکەسێك کاری پێنەکاتو پشتگوێی بخات یاخود پێچەوانەی بکات ئەوا زەرەرمەند دەبێتو لەزاڵمانو فاسیقانو کافران دەژمێردرێت.

## ٤ ـ بەنێردراوەکانی خودای گەورە.

پێویستە ئیمانی تەواومان بەو پێغەمبەرانە هەبێت کە خودای گەورە ڕەوانەی کردوون :

بەکورتی : دەبێت بڕوامان وابێت کە خودای گەورە پێغەمبەرانی بۆ بەندەکانی ناردووە بۆ ئەوەی مژدەی بەهەشت بەبەندە چاکەکان بدات ، وە خراپەکارەکانیش بەسزای دۆزەخ بترسێنێت ، وە بانگەوازکاربێت بۆ یەکتاپەرستیو هەق ، هەرکەسێك وەڵامیان بداتەوە ئەوا خۆشبەختی دونیاو دواڕۆژ دەبێت ، وە هەرکەسێك پێچەوانەیان

---

[١١] سورة الأنعام ، آية ١٥٥ .

بکات ئەوا زەرەرمونـدی دونیـاو دواڕۆژیـش دەبێـت ، وە هـەورەها باشـترین‌و کۆتـا پێغەمبەر پێغەمبەری ئەم ئوممەتەیە کە محمدە (ﷺ) .

خودای گەورە دەفەرموێت ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ [١٢].

واتە " بەڕاستی ئێمە لەناو هەر ئوممەتێکدا پێغەمبـەرێکمان ناردووە بـۆ ئـەوەی خودای گەورە بەتەنها بپەرستن‌و دووربکەونەوە لەپەرستنی هەموو شتێك جگـە لـەخودا واتە ( دار ،بەرد، بت ، پیاوچاك ، سەرکردە، دەسەڵاتدار...هتد " .

وە خودای گەورە لەئایەتێکی دیکەدا فەرموویەتی ﴿ رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ﴾ [١٣].

واتە " پێغەمبەرانێ کە موژدەدەربوون‌و ترسـێنەر بـوون بۆئـەوەی خـەڵکی دوای ناردنی ئەم پێغەمبەرانە هیچ بەڵگەو بڕوبیانوویەکییان نەمێنێت ".

بەدرێژی : دەبێت ئێمە بڕوایەکی تـەواومان هـەبێت بەهـەموو ئـەو پێغەمبەرانـەی کەناویان لەقورئاندا هاتووەو پێغەمبەری خـوداش (ﷺ) بـۆی ڕوونکردوینەتـەوە بـەوەی چەند پێغەمبەر بوون ، بۆنمونە ( نوح ، هود ، صالح ، ئیبراهیم ، ئیسـماعیل ، موسـی ... هتد ) ( دروودو سڵاوی خودایان لەسەر بێت )

---

[١٢] سورة النحل ، آية ٣٦.

[١٣] سورة النساء ، آية ١٦٥.

### ٥ ـ بەڕۆژی دوایی.

دەبێت ئێمەی ئیماندار باوەڕێکی تەواومان هەبێت بەڕۆژی دوایی کە باوەڕ هێنانە بەهەموو ئەوانەی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەواڵیان پێداوین ، وەکو ئەوانەی لەدوای مردن ڕوو دەدەن وەکو لێپرسینەوەو خۆشیو سزای ناوگۆڕو ، وە ئەوانەشی لەهاتنی قیامەتدا ڕوو دەدەن وەکو سەختیو نارەحەتی ئەو رۆژەو پردی (صراط) و دانانی تەرازوو لێپرسینەوەو پاداشت و تۆڵە سەندنەوەو پەخشکردنی نامەی کردەوەکان لەنێو خەڵکیدا یەکێك بەدستی ڕاستییەوەو یەکێکی دیکە بەدەستی چەپیەوە یان لەپشتیەوە ، هەروەها باوەڕ هێنان بەحەوزی (کەوسەر) کە ئامادەکراوە لەبۆ پێغەمبەر (ﷺ)و وە باوەڕهێنان بەبەهەشتو دۆزەخو بینینو قسەکردن لەگەڵ خودای پەروەردگار لەلایەن ئیماندارانەوەو چەندین شتی تر کە هەموویان لەقورئانی پیرۆزو فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دا خراونەتە ڕوو دەبێت ئێمە بڕوامان بەهەموویان هەبێت.

### ٦ ـ بەقەزاو قەدەر جا چ چاك بێت یان خراپ.

باوەڕبوون بەقەزاو قەدەر باوەڕبوون بەچوار شتە :

یەکەم : بەوەی کە خودای گەورە زانیاری هەیە دەربارەی ئەوەی کە ڕوویداوە و ئەوەشی کەئێستا ڕوو دەداتو وە ئەوەشی کە لەداهاتوودا دێت ، وە باری بەندەکانی و زۆرو کەمی کردەوەکانیان دەزانێ و هیچ شتێك لەخودای گەورە ون نابێت

وەکو خودای گەورە دەفەرموێت ﴿ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا ﴾ [14].

واتە " تاکو بزانیێ کەخودا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە و خودا زانستی بەهەموو شتێك هەیە ".

دووەم : خودای پەروەردگار هەموو ئەو زانیاریەی نوسیوەتەوە ، وەکو دەفەرموێت ﴿ قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنْقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِنْدَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ ﴾ [15].

واتە " بەڕاستی ئێمە دەزانین خۆڵ تا چ ڕادەیەك لەلەشیان کەم دەکاتەوەو دەیکاتە خۆڵ، وە کتێبێ کەپارێزەری هەموو شتێکە کە (اللوح المحفوظ)ە لای ئێمەیە".

هەروەها خودای گەورە لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت ﴿ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ﴾ [16].

واتە " ئایا دەزانی کە بەڕاستی خودا ئەوەی لەئاسمانو زەوی دایە دەیزانێ ؟ چونکە هەموو ئەوانە لەکتێبدایە نوسراوە ، بەڕاستی ئەوە بۆخودا زۆر ئاسانە ".

---

(١٤) سورة الطلاق ، آية ١٢.

(١٥) سورة ق ، آية ٤.

(١٦) سورة الحج ، آية ٧٠.

سێ یەم : باوەڕبوون بەویستی خودا : واتە دەبێت بڕوای تەواومان بەوە هەبێت کە هەرچی خودا بیەوێت دەبێتو هەرچی ئەویش نەیەوێت بێگومان نابێت ، وەکو دەفەرموێت ﴿إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ﴾(١٧).واتە"خودا چی بیەوێ دەیکا ".

وە لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت ﴿ إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ﴾(١٨).

واتە " بەڕاستی فەرمانی ئەو ( واتە خودا ) ئەوەیە کە هەرکاتێك بیەوێ شتێ بەدی بهێنێ پێی دەڵێت (ببە) جا بەبێ دواکەوتن دێتە بوون ".

چوارەم : هەموو بوونەوەران خودا بەدیهێناون ، جگە لەو هیچ بەدیهێنەرو پەروەردگاری تر نیە . وەکو دەفەرموێت ﴿ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ﴾(١٩).

واتە " خودا بەدیهێنەری هەموو شتێکەو هەر ئەویش پارێزەری هەموو شتێکە وە تەکبیریان بەدەستی ئەوە ".

بۆیە ئەم چوار خاڵە کە خرایە ڕوو بریتی یە لەباوەڕهێنان بەقەزاو قەدەر لای ئەهلی سوننەتو جەماعەت ، کەپێچەوانەی ئەهلی بیدەعو ئەهلی ئەهوائە کەئینکاری هەندێکی دەکەن ، بەڵام هەموو ئەمانەی کەباسمانکرد باسی قەدەری خودا بوو بەڵام

---

(١٧) سورة الحج ، آية ١٨.

(١٨) سورة يس ، آية ٨٢.

(١٩) سورة الزمر ، آية ٦٢.

هەندێ شتی دیکە هەن کە پەیوەندی یان بەدەسلاٌتی بەندەوە هەیە واتە خودا ئیختاری کردوون نەك بەئیجباریو دەبێت هەر ئەوە بکرێت ، بۆ نمونە چەند خالێك باس دەکەین ، ئەوانیش :

أ ـ خودای گەورە هەندێ شتی خستۆتە سەر ویستی بەندە ، بەلاٌم لەگەلٌ ئەوەشدا عیلمو زانینی خودای گەورەی لەگەلدایە ، بۆ نمونە خودای گەورە دەفەرموێت ﴿ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ﴾ (الكهف : ٢٩ ).واتە " هەرکەسێك ویستی با ئیمان بهێنێتو هەرکەسێکیش ویستی با بێباوەڕو کافر بێت"

ب ـ دیسانەوە سەبارەت بەوەی کە ویستی مرۆڤ لەشتەکاندا هەیەو دەتوانێت بەویستو ئارەزووی خۆی هەلٌیانبژێرێت ، واتە خودای گەورە مرۆڤی ئیجبار نەکردووە بەوەی کە هەرچی خودا بیەوێت ئەم ئەنجامی بدات ، نەخێر چونکە خودای گەورە لەئایەتێکدا دەفەرموێت ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِراً وَإِمَّا كَفُوراً﴾(الإنسان : ٣) . واتە " ئێمە ڕێنمایی خەلٌکیمان کرد بۆیە چۆن بیەوێت دەتوانێت کەسێکی ئیانداروسوپاسگوزار بێت وە دەتوانێت کەسێکی بێباوەڕو کافربێت ". کەواتە لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە گەر کەسێك بێباوەڕبێت ئەوا خۆی ئەو کارەی هەلٌبژاردووەو ئیختیاری خۆی بووە نەك ئیجبار بکرێت لەسەر ئەو کارە ، لەهەمان کاتیشدا عیلم و زانینی خودای گەورە هەموو ئەوانەی گرتۆتەوەو لەسەرەتای بوونەوەرە و خودا عیلمی بەوە هەبووە کە ئەو مرۆڤە موسولٌمان دەبێت یاخود ڕێگای کوفرو بێباوەڕی هەلٌدەبژێرێت بەئیختیار نەك ئیجبارکردن بەو هەلٌبژاردنە.

کەواتە پێش ئەوەی لەباسی قەزاو قەدەر بینەوە پێویستە لاوانی خۆشەویست تێبینی ئەوە بکەن کەهیچ شتێك نی یە لەسنووری زانیاری خودا دەربچێت واتا خودای گەورە لەو ڕۆژەوەی زەوی و ئاسمانەکانی دروستکردووەو وە ئەوەشی تێیاندایە ئاگاداری ئەوە هەیە کە تاڕۆژی دوایی چی دەبێت و چی نابێت وە هەموو ئەمانەش وەکو باسمانکرد لە ( لوح المحفوظ ) دا نوسراوە و خودای گەورە ئاگاداری هەمووی بووە پێش دروستکردنیان .

## ئایا پێناسەی ئیمانی شەرعی چی یە؟

ئیمامی (ابن القیم الجوزی) دەفەرموێت :- (( ئیمان لە وتەو کردەوە پێکهاتووە ، وتەیش دوو جۆرە: یەکەمیان (وتەی دڵ) کە بریتی یە لەبیروباوەڕ، دووەمیان (وتەی زمان) کە بریتی یە لەوتەی ئیسلام. هەروەها کردەوەش دوو جۆرە : یەکەمیان (کردەوەی دڵ) کە پیکهاتووە لە نیەت پاکیو ئیخلاصی. دووەمیان (کردەوەی لاشە) واتە ئەو کارانەی کە بەئەندامەکانی لاشە ئەنجام دەدرێت ))[٢٠].

هەروەها پێشەوایانی ئەم ئوممەتە زۆربەیان پێناسەکانیان لەم چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە، کە بریتی یە لە :- ( **الإيمان قول و عمل يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية ، والعمل جزء من الإيمان فالمؤمن مؤمن بالطاعته وعلى قدر معصيته ينقص إيمانه فالأيمان قول باللسان وأعتقاد بالقلب وعمل بالأركان**)[٢١].

---

[٢٠] كتاب الصلاة لإبن القيم ، ص ٢٤.

[٢١] أبي عبدالملك حاتم الأثري، التمهيد في التوحيد والمنهج السديد، ص ١٩.

واتە " ئیمان وتەو کردەوەیە ، بەگوێڕایەڵیکردنی خوداو پێغەمبەری خودا (ﷺ) زیاد دەکات و بە تاوانکردنیش کەم دەکات، وە کردەوەش بەشێکە لە ئیمان، وە هەموو ئیمانداریك ئیماندارە بەپێی گوێڕایەڵیکردنو هەروەها بەپێی ئەنجامدانی تاوان ئیمانەکەی کەم دەبێت، بۆیە ئیمان وتەیە بەزمان و بیروباوەڕە بەدڵو کاروکردەوەش بەئەندامەکانی لاشە".

هەروەها بۆزیاتر دڵنیابوون لەوەی کە ئیمان زیادو مم دەکات خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :. ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ [٢٢].

واتە " ئەو ئیماندارانەی کەوا یادی خودا دەکەن دڵیان دەلەرزێو وە ئەگەر قورئانیشیان بەسەردا بخوێندرێتەوە ئیمانیان بەخودا زیاتر دەبێتو زیاتر لەسەر خودای گەورە پەنا دەگرن".

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :. " الإيمان بضع وسبعون شعبة أعلاها لا إله إلا الله وأدناها إماطة الأذى عن الطريق والحياء شعبة من الإيمان " صحيح المسلم كتاب الإيمان رقم حديث (٥٧).

واتە " ئیمان حەفتاو ئەوەندە بەشە بەرزەکەی (لا إله إلا الله)یەو خوارەکەشی لادانی ئازارێکە لەسەر ڕێگا ، وە شەرمو شکۆش بەشێکە لەئیمان ".

---

[٢٢] سورة الأنفال ، ئاية ٢.

وە ئیمـامی بوخـاریش ( ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ) دەفـەرموێت :ــ ( لەهـەزار كەسەوە من فەرموودەم ڕیوایەت كردووە هەموویان وتویانـە ئیمـان بـریتی یـە لـە وتـەو كردەوە، وە هەمووشیان فەرموودەناس بوونە ).

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە كە هەریەكە لە ( موعتەزیلەكان و مورجیئەكانو جەهمیو ئەشاعیرەكان...هتد) تێی كەوتوون كە هەریەكەو لەبۆ ئیمان پێناسـەو چوارچـێوەیەكی داناوە كە هەموویان دوورن لەو پێناسەیەی كە ئەهلی سوننەو جەماعەت لـەبۆ ئیمانیـان داناوە.

## چەند نموونەیەك لەسەر ئیمان :

لێرەدا چەند ڕونكردنەوەیەك بۆ زیاتر تێگەیشتن لەبارەی ئیمانەوە دەخەینـە ڕوو ئەوانیش :

(كـردەوەی دڵ) ئـەو كردەوانـەی بـەدڵ ئـەنجام دەدرێـن، وەكـو (نیـەت پـاكی ، ترسان لەخوا ، خۆش ویستنی خودا ، پشت بەستنو هانا بردن بۆخودا ......هتد).

(كردەوەی زمان) وەكو ( زیكر كردن ، خوێندنی قورئـانی پـیرۆز ، بانگـەوازكردن بۆ ئیسلام ، ئەمر كردن بەچاكەو نەهی كردن لەخراپە.....هتد).

(كردەوەی لاشە) ئەوانیش بریتین لە (نوێژكردن ، جیهـادكردن لـەپێناوی خـودا ، لادانی ئازار لەسەر ڕێگای موسوڵمانان ، دەست هێنان بەسەر هەتیودا ......هتد).

## سێیەم : چاكەكاری چی یە؟

چاکەکاری واتە (الإحسان) بریتی یە لەوەی کە وابزانیت خودای گەورە چاودێرە بەسەر کردەوەکانت چی ئەنجام دەدەیتو چۆنیش ئەنجامی دەدەیت .

خودای گەورە لەقورئاندا فەرموویەتی ﴿ الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ ﴾ [٢٣].

واتە " ئەو خودایەی کەدەتبینێت کاتێك هەڵدەستی بۆ شەونوێژ وەکاتێك سوژدە دەبەیت لەگەڵ سوژدە بردندا ".

هەروەها پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەربارەی چاکەکاری فەرموویەتی (( الإحسان أن تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك )) [٢٤].

واتە " وا خوداپەرستی بکە کە تۆ خودا دەبینیت ، گەر تۆش ئەو نابینیت ئەو تۆ هەر دەبینێت ".

## ئایا پەرستن ( عیبادەت ) چی یە؟

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرموێت (( هي اسم جامع لكل ما يحبه الله ويرضاه من الأقوال والأفعال الظاهرة والباطنة )) .

واتە " ناوێکی کۆکراوەیە بۆ هەموو ئەو شتانە بەکاردێت کەخودا پێی خۆشەو لێی ڕازییە لەوتەو کرداری ناوەوەو دەرەوە واتە (نهێنیو ئاشکرا) ".

---

[٢٣] سورة الشعراء ، آية ٢١٨_٢١٩.

[٢٤] متفق عليه.

## ئایا جۆرەکانی پەرستن چین ؟

پەرستن چەندەها جۆری هەیە لەوانە :

(( پاڕانەوە ، ترسان لەخودا ، بەهیوابوونی ڕەحمەتی خودا ، پشت بەستن بەخودا ، هەوڵدان بۆ بەهەشت ، ترسان لەدۆزەخ ، قوربانی کردن ، پەیمان بەستن ( نذر ) ، ڕۆژوو گرتنو سوژدەبردنو کوڕنووش بردن ، سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا ، سوێند خواردن ، یاسا دانان ، جگە لەمانەش هەموو ئەو پەرستنانە دەگرێتەوە کەخودا لەقورئانی پیرۆزو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لەفەرموودەکاندا خستوویەتیە ڕوو.

## ئایا مەرجەکانی پەرستن چین ؟

خودای گەورە هیچ شتێك لەبەندەکانی وەرناگرێت تاوەکو سێ مەرجی تێدا نەبێت ، ئەوانیش :

١ ـ دەبێت ئەو کەسە ئیماندارێکی تەواو بێت.

٢ ـ دەبێت بەتاکو تەنها لەبۆ خودا بێت.

٢ ـ دەبێت لەسەر ڕێبازو مەنهەجی پێغەمبەر (ﷺ) بێت ، واتە : بەپێی سوننەتەکەی ئەو بێت .

واتە " لەخاڵی یەکەمدا نابێت ئەو کەسەی کارێکی چاك ئەنجام دەدات بێ ئیمان بێت بەڵام دەچێت مزگەوتێك دروست دەکات ئەمە هەرچەندە کارەکەی چاکە بەڵام لێی وەرنگیرێت تاوەکو ئیمان نەهێنێت ، خاڵی دووەم نابێت مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك هاوەڵو

هاوبەش لەبۆ خودا دابنێت ، گەر وابوو ئەوا هەموو کردەوەکانی تری پوچەڵ دەبێتەوەو بۆی ناژمێردرێت تاوەکو دەگەڕێتەوەو تۆبە دەکات پێش ئەوەی ڕوحی بگاتە گەرووی یاخود پێش ئەوەی خۆر لەخۆرئاواوە هەڵبێت ، ئەگینا لەڕیزی موشریکەکانو کافران دەژمێردرێت ، بەڵام خاڵی سێهەم ، نابێت مرۆڤ بەپێی حەزو ئارەزووی خۆی یان بۆئەوەی ناو دەربکات یاخود بۆ وەرگرتنی پلەوپایەیەکی دونیایی یان دەستکەوتنی هەندی پارەو پول یان لەبێئاگایی‌و نەزانینەوە بێت کۆمەڵێك عیبادەتو کۆمەڵێك پەرستش دادەنێت لەگەڵ ئەوەشدا وادەزانێت کارێکی چاکی ئەنجام داوەو بەسوننەتی دەزانێت ، نازانێت کەهەموو ئەو کارانە بەبیدعە دادەنرێت خودای گەورەش پەنامان بدات سەری خاوەنەکەی لەدۆزەخەوە دەردەچێت ، وەکو پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (( من أحدث في أمرنا هذا ما ليس فيه فهو رد )) [٢٥] .

واتە " هەرکەسێك تازەگەری لەم دینەدا بکات ئەوا بەهیچ شێوەیەك لێی وەرناگیرێت ". یاخود لەفەرمودەیەکی دیکەدا فەرموویەتی (( من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد )) [٢٦].

واتە " هەرکەسێك کارو کردەوەیەك ئەنجام بدات کەفەرمانی ئێمە لەسەر نەبێت ئەوا دەدرێتەوە بەنێو چاوانیدا".

---

[٢٥] صحيح سنن أبي داود.

[٢٦] صحيح الجامع ، رقم ٦٣٩٨.

وە لـەم ڕۆژانــەدا بیدعەگــەلێکی زۆر هەنــە لــەنێو موســوڵمانانداو بێباکانــەش خەڵکێکی زۆر بێ ئەوەی لەخودا بترسێن ئەنجامی دەدەن لەوانە :

(( صەلاوات و فاتیحای دوای بانگ ( بـەدەنگی بـەرز ) ، زیکرەکانی دوای نوێـژو پێش نوێژە فەرزەکان ( بەدەنگی بـەرز ) ، نوێـژی سـوونەتی جومعـە ، قورئـانی پـێش نوێژی جومعە ، تەسبیح بـەکارهێنان بـۆ زیکـر ، تـەلقینی مـردوو ، خوێنـدنی سـورەتی (یس) بەمەبەستی ئەوەی سوود بەو کەسە دەگەیەنێت کە لەحاڵەتی گیـان کێشـاندایە ، وە زۆربەی زانایانیش دەفەرموون حیزبایەتی یەکێکە لەگـەورەترین بیدعـەی سـەردەم ، وە سەدان بیدعەی تر کەوا لێرەو لەوێ دەیبینین و دەیبیستین )).

### ئایا تاغوت چی یە؟

زۆر لـەزانایانی ئیسـلام پێناسـەیان لـەبۆ تـاغوت کـردووە ، بـەلاّم هـەموویان لەچوارچێوەیەکدا دەسوڕێنەوە بێ ئەوەی یەك دژی ئەوی دیکە بێ ، لەوانە :

ئیمامی مالك ( ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت ) دەفەرموێت (( ( تاغوت ) لەزمانی عەرەبیدا لەسـەر کێشـی ( فعلـوت )ە ، وە هـەموو ئـەو شـتانە دەگرێتـەوە کـە خـەڵکی دەیپەرستن جگە لەخودا )) .

هەروەها ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) دەفەرموێت : بریتی یە لەشەیتان.

ئیمامی ( ابن القيم ) ( ڕەحمەتی خودای لێبێت ) دەفەرموێت : (( هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەندە لەسنووری خۆی دەری دەکات چ لەشوێنکەوتن بێت یان گوێڕایەڵی یان پەرستش بێت )) .

تاغوت دەتوانرێت بەپێنج شت بناسرێتەوە ، ئەوانیش :

١ ـ شەیتان : کەبانگەواز دەکات بۆ پەرستنی هەموو شتێك جگە لەخودا.

٢ ـ هەرکەسێك کە وای دابنێتو ڕاببگەیەنێت کەشتێك لەغەیب دەزانێت.

٣ ـ هەرکەسێك بانگەوازی خەڵکی بکات بۆئەوەی بیپەرستنو خودا نەپەرستن.

٤ ـ هەرکەسێك ڕازی بێت بەوەی کە خەڵکی دەیپەرستێتو بەتاكو تەنها خودا ناپەرستێت.

٥ ـ هەرکەسێك حوکم بەشتێك بکات جگە لەقورئانو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ).

## یەکتاپەرستی ( لا إله إلا الله ) : پێناسە و بەشەکانی :

سەرەتا پێناسەی یەکتاپەرستی دەکەین ، ئەویش لەدوو ڕووەوە :

١ ـ یەکتاپەرستی لەڕووی (زمانەوانی)یەوە : بریتی یە لە (تاکێتی) واتە شتێکی تاکە.

بێگومان شتی تاك دەبێت دوو مەرجی سەرەکی هەبێت ، ئەوانیش :

أ ـ سەلماندنێکی تەواو (الإثبات التام) :

ب ـ نەفیکردنی گشتێتی (النفي العام) :

بۆ نمونە : کاتێك تۆ ڕەستەیەك دەهێنیتەوە دەڵێیت ( محمد جوانە ) .

لێرەدا هیچ لەو دوو مەرجەی تێدانیە چونکە کێ دەڵێت بەتەواوی (محمد جوانە) ، هەروەها کێ ناڵێت جگە لە (محمد) خەڵکێکی دیکەش وەکو ئەو جوان بن . بەڵام ئەگەر ڕستەکە ڕاست بکرێتەوە ئەو کات دەبێا بوترێت (هیچ کەسێك جوان نیە تەنها محمد نەبێت) لێرەدا دەبینین بۆمان ڕوون بووەوە کە بەتەواوی سەلمێنراوە کە (محمد جوانە ، وە تەواو نەفی هەموو کەسێکی کردووە لەجوانی تەنها (محمد) نەبێت کەجوانی یەکەی پێ بەخشراوە.

٢ـ یەکتاپەرستی لەڕووی (شەرعی)یەوە : بریتی یە لە بەتاك دانی خودای گەورە لەڕووی مافەکانی یەوە ، وەنابێت هیچ کەسێك بکرێتە هاوەڵ و هاوبەشی لەو مافانەدا ، ئەوانیش سێ جۆرن:

١ ـ مافی خاوەندارێتی ( حقوق الملك ) :

٢ ـ مافی پەرستن (حقوق العبادة) :

٣ ـ مافی ناوو سیفاتەکان (حقوق الأسماء والصفات) :

بەشەکانی یەکتاپەرستی :

هەندێك لەزانایان لەوانە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە لەگەڵ خوێندکارەکەی کە ئیمامی ئیبن القیم الجوزیە (ڕەحمەتی خودایان لێبێت) یەکتاپەرستییان کردۆتە دوو بەشی سەرەکی یەوە ، ئەوانیش :

١ ـ یەکتاکردنەوەی خودا لەناسینو سەلماندندا : ئەویش پێکهاتووە لە یەکتاکردنەوەی خودای گەورە لەپەروەردگارێتی (التوحید الربوبیة)و لەگەڵ ناوو سیفاتەکانی (الأسماء والصفات).

٢ ـ یەکتاکردنەوە لەداواکردنو مەبەست : ئەویش پێکهاتووە لە یەکتاکردنەوەی خودا لەپەرستندا (التوحید الألوهیة).

بەڵام بەگشتی یەکتاپەرستی دەکرێت بەسێ جۆری سەرەکی یەوە ، ئەوانیش :

١ ـ یەکتاکردنەوەی خودا لەپەروەردگارێتیدا (التوحید الربوبیة) : بریتی یە لەیەکتاکردنەوەی خودا لەکردارەکانیدا وەکو دروستکردن و بەڕێوەبردن و بەدیهێنان و ... هتد . وەکو خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ﴾[٢٧] .

واتە " ئایا جگە لەخود هیچ کەسێك هەیە بەدیهێنەر بێت ".

---

(٢٧) سورة فاطر ، آیة ٣.

هــەروەها خــودای گــەورە لەئایــەتێکی دیکــەدا فەرموویــەتی : ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾[٢٨].

هــەر ســەبارەت بــەوەی کــە خــودای گــەورە خــاوەنی هــەموو دروســتکراوەکانە فەرموویەتی ﴿تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ﴾[٢٨].

٢ ـ یەکتاکردنــەوەی خــودا لەپەرســتندا (التوحیــد الألوهیــة) : بــریتی یــە لەیەکتاکردنــەوەی خــودای گــەورە لەپەرســتندا ، وەکــو نوێــژکردن ، کڕنــوش بــردن ، پاڕانەوە ، داوالێکردن ، نەزرکردن ، سەربڕین ....هتد.

وەکــو خــودای گــەورە دەفــەرموێت ﴿ وَإِلَـهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ﴾[٢٩] .

واتــە " پەرســتراوی ئێــوە تــەنها یــەك پەرســتراوە ، هــیچ پەرســتراوێکی تــر نیــە شایەنی پەرستن بێت جگە لەئـەو نـەبێت کـەخاوەنی ڕەحمـەتێکی فراوانـەو بەبـەزەیی یە".

هەروەها لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾[٣٠] .

---

[٢٨] سورة الصافات ، آية ٩٦.

[٢٨] سورة الملك ، آية ١.

[٢٩] سورة البقرة ، آية ١٦٣.

[٣٠] سورة الفاتحة ، آية٥.

واتە " تەنها تۆ دەپەرستین‌و پشت‌و پەناشمان هەر تۆی ".

هەر سەبارەت بەیەکتاپەرستی خودای گەورە دەفەرموێت ﴿وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾[31] .

واتە " خوداکەت بپەرستە ئەی محمد (ﷺ) تاکو مەرگ یەخەت پێ دەگرێ ".

٣ ـ یەکتاکردنەوەی خودا لەناوو سیفاتەکانیدا ( التوحيد الأسماء والصفات) :

بریتی یە لەسەلماندنی ناوو سیفاتەکانی خودای گەورە بەو شێوەیەی کە لەقورئاندا هاتووەو یان ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) وەصفی پێکردووە لەفەرمودەکانیدا بەحەقیقەت ، ئیتر بێ ئەوەی زیادە بخرێتە سەری یاخود کەمبکرێتەوە ، یاخود بەمێشکی مرۆڤ دابنرێت بەشتێك کە لەبەرچاودایە بچوێنرێت ، وە چەندین سیفات خوای گەورە خۆی باسی لێوە کردووە لەوانە (دوو دەستی هەیە ، ئیستیوای کردووە بەسەر عەرشەوە ، دابەزینی بۆ ئاسمانی دونیا ، بینەرە ، بیسەرە ، وەجگە لەمانەش ئەو سیفاتانەی کەشایەنن بە کاملێتی خودای گەورە ، خودای گەورە لەقورئاندا فەرموویەتی ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾[32] .

واتە " هیچ شتێك وەکو خودا نیەو خوداش بیسەرو بینەرە ".

---

[31] سورة الحجر ، آية ٩٩.

[32] سورة الشورى ، آية ١١ .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ((ينزل الله إلى السماء الدنيا ... ))[٣٣] .

واتە " خودای گەورە هەموو شەوێك دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا ".

لێرەدا خودای گەورە بەشێوەیەك دادەبەزێت کەشایەنی خۆی بێت بێ ئەوەی باسکرابێت ئیتر هەرچۆنێك بێت پێویست ناکات لەسەر بەندە پرسیار دەربارەی ئەو سیفەتانە بکات کەخودای گەورە خاوەنێتی . وە یەکێك لەمەرجە هەرە سەرەکی یەکان ئەوەیە کەپێشتر بەکورتی باسکرا، نابێت بەندە سیفاتەکانی خودای گەورە بەشتێك بچوێنێت ، مێشکی خۆی بکاتە پێوەرێك لەبۆ ناسینی شتەکان بەبێ بەڵگەیەکی شەرعی.بۆیە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەتو جەماعەت لەیەکتاکردنەوەی خودای گەورە لەناوو سیفاتەکاندا ئەوەیە کە هەرچی بەمێشکی مرۆڤدا هات دەربارەی سیفاتی خودای گەورە ئەوا ئەو شتە نیەو شتێکی دیکەیە چونکە بەڵگەی بەدەستەوە نیە سەبارەت بە وتەکەی.

بەشی دووەمی یەکتاپەرستی کەپێکهاتووە لە (محمد رسول الله) ، ئەویش چەند مەرجێکی هەیە :

١ ـ دەبێت دانبنێین بەوەی کە پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) بەندەی خودایەو نێردراوی خودایە بۆ هەموو بونەوەرانی سەر ڕووی زەمین.

---

[٣٣] صحيح الجامع ، رقم ٨٠٢.

٢ ـ گوێڕایەڵی کردنی ئەو فەرمانانەی کەپێی کردووین سەبارەت بەدین‌و هەستان بەجێبەجێکردنی.

٣ ـ دوورکەوتنەوە لەو کردارانەی کە نەهی لێکردووین‌و ئاگاداری کردووینەتەوە کەنزیکی نەکەوینەوە.

٤ ـ وە بەڕاست دانانی ئەو هەواڵانەی کە پێی ڕاگەیاندووین.

٥ ـ دەبێت بەو پێیەی کە شەرعی ئیسلام داوای لێکردووین خودا بپەرستین.

## مەرجەکانی وشەی یەکتاپەرستی ( لا إله إلا الله ) :

یەکتاپەرستی یاخود مەرجەکانی وشەی (لا إله إلا الله) بریتین لە (٨) خاڵ ، ئەوانیش :

١ ـ زانیاری (العلم) : واتە دەبێت زانیاریت هەبێت لەنەفیکردن‌و جێبەجێکردندا ، هەرکەسێك بیڵێت‌و ماناکەی‌و ناوەڕۆکەکەی‌و داخوازی یەکەی نەزانێت ئەوا سودی پێناگەیەنێت ، چونکە باوەڕی نەبووە بەوەی بەڵگە بووە لەسەری ، وەکو کەسێك وایە قسە بەزمانێك بکات‌و لێی تێنەگات.

٢ ـ دڵنیایی (الیقین) : بریتی یە لەزانیاری تەواو پێی کە دژی گومان‌و دوو دڵی یە.

٣ ـ وەرگرتن (القبول) : وەرگرتن نەفی ڕەتکردنەوە دەکات ، ئەمەش بەخۆپەیوەستکردن بەفەرمانەکانی خوداو وازهێنان لەقەدەغەکراوەکانی دەبێت.

٤ ـ خۆپەیوەستکردن (الإنقیاد) : بریتی یە لەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوداو ئەنجامدانی فەرزەکان بەنیازپاکیو داواکردنو مەبەستی ڕەزامەندی یەکەی کەداخوازی یەکەیەتی.

٥ ـ ڕاستگۆیی (الصدق) : ئەمەش بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم دووڕوویدا ، چونکە دووڕووەکان شتێك بەدەم دەیڵێنو هیچ کات باوەڕیان بەدەلالەت لەسەر کراوەکە نیە.

٦ ـ نیەت پاکی (الإخلاص) : نیەت پاکیو دڵسۆزی کەنەڤ هاوبەش بڕیاردان دەکەن لەئەنجامدانی کردەوەدا کەئەمەش (لا إله إلا الله) دەلالەت لەسەری دەکات.

٧ ـ خۆشەویستی (المحبة) : دەبێت خۆشەویستی یەکی ڕاستەقینەمان هەبێت لەبۆ ئەم وشەو وە ئەوەشی کە دەلالەت لەسەری دەکات ، وە خۆشحاڵبوون بەم شتە پێچەوانەی ئەوەیە کە دووڕووەکانی لەسەرە.

٨ ـ کوفرکردن بەپەرستنی غەیری خودا (الکفر بالطاغوت)[٣٤] .

## * سودەکانی یەکتاپەرستی :

١ ـ یەکتاپەرستی قورسترین چاکەیە لەتەرازووی هەر بەندەیەکدا لەڕۆژی دوایی دا، هەروەکو عبدالله ی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت:ـ پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی (( إن نبي الله نوحا صلى الله عليه وسلم لما حضرته الوفاة قال

---

[٣٤] معارج القبول .

لابنه آمرك بـ ( لا إله إلا الله ) فإن السموات السبع والأرضين السبع لو وضعت في كفة ووضعت لا إله إلا الله في كفة رجحت بهن لا إله إلا الله ... )) [٣٥] .

واتە " پێغەمبەر نوح لەكاتی پـێش وەفاتكردنیـدا فـەرمانی بەكوڕەكـەی كـرد بـە وتنو باوەڕبوون بە(لا إله إلا الله)، كە ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەكـە لەگـەڵ هـەر حـەوت زەویی یەكە بخرێنە تای تەرازوویەكو لەبەرامبەریشدا وشەی (لا إلـه إلا الله)یـش بخرێتـە تاكەی دیكە ئەوا وشەی (لا إله إلا الله) هەموویان بەرز دەكاتەوە".

٢ ـ یەكتاپەرسـتی سـەرەكی تـرین هۆیـە بـۆ چـوونە نێـو بەهەشـت ئەگـەر لەبەرامبەریشدا هەر تاوانێكی دیكەی هەبێت ، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبـەری خودا (ﷺ) ، كە عوبادەی كوڕی صامت (رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمووی : (( من شهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمدا عبده ورسوله وأن عيسى عبد الله ورسوله وابن أمته وكلمته ألقاها إلى مريم وروح منه والجنة والنار حق أدخله الله الجنة على ما كان من العمل ))[٣٦] .

واتە " هەركەسێك شایەتی بدات بەوەی هـیچ پەرسـتراوێك نیـە شـایەنی پەرسـتن بێـت جگـە لـە (الله) و محمـد یـش (ﷺ) بەنـدەو پێغەمبـەری ئـەوە ، وە عیسـی (عليه السلام) بەندەی خواو پێغەمبەری خودایە، وە بەوشەی خوا ( كـــن فیكـــــون) دروست بووە ، بەهۆی جبریلەوە (عليه السلام) ناردوویەتی بۆ مەریەم ، وە بەشـێكە لـەو ڕوحانـەی كـە خـودا

---

[٣٥] رواه أحمد. وفي السلسلة الصحيحة برقم (١\٢٥٩).

[٣٦] متفق عليه .

دروستی کردوون وەکو هەموو ئادەمیزادێکی تر ، وە بەهەشتو دۆزەخیش هەق و ڕاستی یە ، ئەوا خودای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە لەسەر هەر کردەوەیەك کە بووبێت ."

٣ - یەکتاپەرستی هۆی ڕزگاربوونە لەئاگری دۆزەخ ، وەکو لەفەرموودەیەکی پێغەمبەر خوادا (ﷺ) هاتووە کە دەفەرموێت (( من شهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله حرم الله عليه النار ))[٣٧] .

واتە " هەرکەسێك شایەتی بدات بەوەی هیچ پەرستراوێك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (الله)، وە محمد یش (ﷺ) نێردراوی ئەوە، ئەوا خوای گەورە ئاگری لەسەر حەرام دەکات".

هەروەها لەفەرمودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (( إن الله تعالى قد حرم على النار من قال لا إله إلا الله يبتغي بذلك وجه الله ))[٣٨] .

واتە " خودای گەورە حەرامی کردووە لەسەر کەسێك کە بەزمان بڵێت (لا إله إلا الله)و بەدڵیش باوەڕی پێی هەبێت ، تەنها لەبەر ڕەزامەندی خودا بێت ".

---

[٣٧] صحيح الجامع رقم (٦٣١٩).

[٣٨] صحيح الجامع.رقم ١٧٩٣ .

٤ ـ یەکتاپەرستی هۆی هیدایەت دانە لەدونیاو قیامەت داو هۆی هێمنیو ئارامی یە لەدواڕۆژدا ، هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت ﴿ الَّذِينَ آَمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ ﴾[٣٩] .

واتە " ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو خودای گەورە بەتاكو تەنها دەپەرستنو بەندایەتییەکەیان تێکەڵ ناکەن لەگەڵ هاوەڵ بڕیاردانو سورنابن لەسەر تاوانە گەورەکانو بەو باوەڕەوە دەمرن، ئاسودەییو هێمنی هەربۆ ئەوانەیە لەڕۆژی دوایی دا ئەوانە ڕێنمووی کراون لەژیانی دونیاداو لەتاقیکردنەوەی ناو قەبرو لەڕۆژی حیسابدا.

٥ ـ ئاسودەترین کەس بەشەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کەسەیە کە یەکتاپەرست بێت بەبەڵگەی ئەم فەرمودەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (( أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال لا إله إلا الله خالصا من قلبه أونفسه ))[٤٠]

واتە " ئاسودەترین کەس بەشەفاعەتی من لەڕۆژی دوایی دا ئەو کەسەیە کە لەپاڵاوتەی دڵو دەروونی یەوە بڵێ هیچ پەرستراوێك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (الله).

٦ ـ یەکتاپەرستی سەرەکیترین هۆیە بۆلێخۆشبوون لەگوناه و تاوان لەلایەن خودای پەروەردگارەوە، وەکو لەم فەرمودەیەدا کە ئەنەسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی : خودای گەورە دەفەرموێت : (( یا

---

[٣٩] سورة الأنعام. آية ٨٢.

[٤٠] رواه البخاري.

بن آدم إنك لو أتيتني بقراب الأرض خطايا ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا لأتيتك بقرابها مغفرة ))[٤١] .

واته " خودای گەورە دەفەرموێت ئەی نەوەی ئادەم گەر بەپڕایی زەوی گوناھ و تاوانت ھەبێت لەڕۆژیی دوایی دا پێم بگەیتو ھاوەڵت بۆم بڕیار نەدابێت ئەوا منیش بەپڕایی زەوی لێخۆشبوونەوە پێت دەگەم، واتا لێت خۆش دەبم ".

٧ ـ یەکتاپەرستی سەرەکیترین مەرجە بۆ سەرکەوتنی موسوڵمانانو پایەداربوونیان و جێنشین بوونیان بەدوای یەکتریدا، ھەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت [ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾[٤٢] .

واته " خودای گەورە بەڵێنی دڵنیا بەخشو تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان ھێناوە لەئێوە ، وە کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، دڵنیا بن کەخودای پەروەردگار جێنشینو پایەداریان دەکات لەوڵاتدا ، ھەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین کردووە ، وە ئەو دینو ئاینەیان بۆ دەچەسپێت کەخودا خۆی پێی ڕازییە ، وە ھەروەھا ترسو ناڕەحەتییان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامیو ھێمنی ، بەمەرجێك

---

[٤١] أخرجه الترمذي وقال حديث حسن.

[٤٢] سورة النور . آية ٥٥.

هەر من بپەرستن‌و هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ بڕیار نەدەن ، ئەوسا ئەوەی دوای ئەو پایەدارییە بێباوەڕ بێت ئا ئەو کەسانە هەر تاوانبارو لەسنوور دەرچوون ".

٨ ـ وشەی یەکتاپەرستی کە (لا إله إلا الله) یە باشترین‌و گەورەترین وشەیە کەیادو زیکری خودای پێ بکرێ ، هەروەکو پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی ((من قال لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير في يوم مائة مرة كانت له عدل عشر رقاب وكتبت له مائة حسنة ومحيت عنه مائة سيئة وكانت له حرزا من الشيطان يومه ذلك حتى يمسي ولم يأت أحد بأفضل مما جاء به إلا رجل عمل أكثر منه ))[٤٣] .

واتە " هەرکەسێك سەد جار لەڕۆژێکدا بڵێ ( هیچ پەرستراوێك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (الله)، تەنهایەو هاوەڵی نیە، دەسەڵات‌و خاوەنداریێتی هەر بۆ ئەوە، وە سوپاس‌و ستایشیش بۆ ئەوە لەسەر نیعمەتەکانی ، وە هەر ئەو بەتوانایە لەسەر هەموو شتێك) ئەوا پاداشتی وەکو ئەوە وایە کە دە کۆیلەی ئازادکردبێت، وە سەد چاکەی بۆ دەنوسرێت‌و سەد خراپەی بۆ دەسڕێتەوە ، وە دەبێتە پارێزەر بۆی لەشەیتان ئەو ڕۆژە تاکو ئێواری ، وە هیچ کەس لەو چاکتری نەکردووە ، تەنها کەسێك نەبێت لەو زیاتر یادی خودای کردبێت ".

٩ ـ ئەگەر بەندە تەواو خۆی یەکلاکردەوە بۆخواو یەك خوا پەرست بوو کە ئەویش (الله)یە، ئەوا بێجگە لەخودا ترسی کەسی دیکەی لەدڵدا نامێنێت ، وە لەسەرە

---

(٤٣) متفق عليه.

مەرگیشدا ترس و ناڕەحەتی ڕووی تێناکات، وە لەڕۆژی دویشدا بەهەمان شێواز خەم و پەژارەو دڵتەنگی دایناگرێت ، هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦٢) الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (٦٣) لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾[٤٤] .

واتە " ئاگاداربن کە (دۆستان و خۆشەویستانی خودا)[٤٥] ترس و ناڕەحەتی ڕوویان تێناکات چ(لەسەرەمەرگ)دا بێت یان (لەڕۆژی لێپرسینەوە)دا بێت ، وە نەخەم و دڵتەنگی و پەژارەش دایاندەگرێت ، (ئەو بەختەوەرانە) باوەڕی بەتین و پڕ سۆزیان هێناوە بەپەروەردگاریان و خۆیان دەپارێزن لەخەشم و قینی خودا (بەهۆی ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوداو دوورکەوتنەوە لەحەرامەکان). هەر بۆ ئەوانەیە (مژدەی کامەرانی و بەختەوەری) لەژیانی دونیاداو (لەکاتی سەرەمەرگیشدا مژدەی بەهەشتیان پێ دەدرێت)و لەقیامەتیشدا (مژدەکان دەبنە واقیع ، هەموو مژدە قورئانییەکان دێنە دی) بێگومان ئەو بەڵێنانەی خودا هەر دێنە دی و هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت ، ئا ئەوەیە سەرفرازی و کامەرانی گەورەو مەزن ".

---

(٤٤) سورة یونس ، آیة ٦٢_٦٤.

(٤٥) (دۆستان و خۆشەویستانی خودا) واتە (وەلی خودا)، مەرجی وەلی خودا تەنها دوو خاڵە: یەکەمیان دەبێت هەڵگری بیروباوەڕێکی چاک و پتەو بێت، هەموو مەرجەکانی یەکتاپەرستی خودات تێدا بێت، واتە دوور بێت لەشیرک و جۆرەکانی شیرک...هتد، وە دووەمیان ئەوەیە کە شوێنکەوتووی ڕاستەقینەی ڕێبازەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بێت، ئەویش بە ئەنجامدانی سوننەتەکان و وازهێنان لەو هەموو شتانەی کەپێچەوانەی کردارەکانی ئەوەو هەموو داهێنراوو بیدعەیە.

خوشکانی بەڕێز ، برایانی ئازیز داواکارم خودای گەورە هەموومان ڕێنمویی بکات بۆ یەکتاپەرستی یەکی چاکو پتەو بۆئەوەی هەموو ئەو سودانەمان دەست بکەوێت.

## * گرنگی یەکتا پەرستی :

١ ـ یەکێك لەخاڵە گرنگەکان ئەوەیە ئێمە دووربکەوینەوە لەوەی کەزۆر شت بپەرستین، وەکو (دار ، بەرد ، پیاوچاك ، دایك ، ئاژەڵ ... هتد). لەبەرامبەریشدا دەبێت تەنها یەك خودا بپەرستین کە ئەویش (الله)یە، وەکو خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾[٤٦] .

واتە " من جنۆکەو ئادەمیزادەکانم تەنها بۆ پەرستنی من دروستکردووە".

٢ ـ بانگەوازی هەموو پێغەمبەران تەنها یەکتاپەرستی خودا بووە ، هەروەکو خودای گەورە بۆمان باس دەکاتو دەفەرموێت ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ﴾[٤٧] .

واتە " ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا وەحیمان بۆناردووە بەوەی هیچ خودایەك نیە شایەنی پەرستن بێت تەنها (اللە) نەبێت کەشایەنی پەرستنە، وەتەنها منیش بپەرستن".

---

(٤٦) سورة الذاريات . آية ٥٦.

(٤٧) سورة الأنبياء . آية ٢٥.

هەروەها لەبەر گرنگیو گەورەیی یەکتاپەرستی کاتێك خودای گەورە پێغەمبەری ناردووە بۆ ئادەمیزادەکان فێری ئەوەیانی کردووە کەتەنها خودا بپەرستنو فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن، وە کار بەو شتانە مەکەن کەخودای گەورە لەسەری قەدەغە کردوون، وەکو خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾[٤٨] .

واتە " بۆ هەموو گەلو نەتەوەیەك نێردراوێکمان ناردووە بۆ ئەوەی تەنها خودا بپەرستنو دوور بکەونەوە لە (تاغوت)".

سەبارەت بەبانگەوازی پێغەمبەران دەربارەی یەکتاپەرستی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :ـ" الأنبياء إخوة من علات وأمهاتهم شتى ودينهم واحد "[٤٨] .

ئیبن حەجەر (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەڵێت (( لەبنچینەدا دینی هەموو پێغەمبەران یەکە ئەویش یەکتاپەرستی خودایە ئەگەر لەشێوازی پەرستشو هەڵسو کەوتی ڕۆژانەیان جیاوازییان هەیە ))[٤٩] .

هەروەها کاتێك پێغەمبەری خودا (ﷺ) (مەعاذ)ی نارد بۆ (یەمەن) پێی فەرموو (( إنك تأتي قوما من أهل الكتاب فليكن أول ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلا الله ))[٥٠].

---

[٤٨] سورة النحل . آية ٣٦.

[٤٨] متفق عليه .

[٤٩] انظر : (فتح الباري) . (٦/ ٥٩٧)

واتە " تۆ دەچیتە لای نەتەوەیەك خاوەنی كتێبن واتە (جولەكەو گاورن) بۆیە یەكەم شت كە تۆ بانگەوازی لەبۆ دەكەیت یەكتاپەرستی یە، واتە شایەتی دانە بەوەی هیچ خودایەك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (الله).

٣ ـ وشەی یەكتاپەرستی كە (لا إله إلا الله)یە، ئەوەندە گرنگە كە فەرمان بەپێغەمبەر (ﷺ) كراوە بەشەڕكردن تاوەكو خەڵكی بەزمان دەری دەبڕن، وە بەدڵ باوەڕی پێ دێنن، بەكردەوەش دەیسەلمێنن، هەروەكو پێغەمبەر (ﷺ) لەفەرمودەیەكدا فەرموویەتی :ـ(( أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأني رسول الله ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة ))[٥١] .

واتە " فەرمانم پێكراوە بەشەڕكردن لەگەڵ خەڵكیدا تاوەكو شایەتی دەدەن بەوەی هیچ خودایەك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (الله)، وەمنیش نێردراوی ئەوم، وە نوێژەكانیان ئەنجام دەدەن‌و زەكاتی ماڵەكانیشیان دەردەكەن ".

٤ ـ هەر لەبەر گرنگی یەكتاپەرستی یاسای شەرعی تایبەتمەندی خۆی هەیە بەوەی لەبیروباوەڕو عیبادەتدا هیچ كارێك وەرناگیرێت تاوەكو بەڵگەی لەسەر

---

[٥٠] متفق عليه .

[٥١] متفق عليه .

نەهاتبێت، بەلاّم بەپێچەوانەوە لەشتەکانی دیکەدا هەموو شتێك پاکەو حەلاّڵە تاوەکو بەلگەیەك نەهاتبێت لەسەر پیسێتی حەرامبوونی [٥٢].

٥ ـ هەروەها دەبینین ئەو کەسەی کە لەیەکتاپەرستیو ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە دەبێت کۆمەڵێك شتی لەگەڵدا بکرێت، ئەویش (ژن پێنەدانێتی ، نابێت سەربڕاوی دەستی بخورێت ، کەمرد نابێت نوێژی لەسەر بکرێتو لەگۆڕستانی موسوڵمانان بنێژرێتو نابێت دوعای خێرو لێخۆشبوونی بۆبکرێت....هتد) چونکە ئەو بەو بیروباوەڕەوە مردووەو لەئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە.

٦ ـ یەکێکی تر لەگرنگییەکانی یەکتاپەرستی ئەوەیە، کاتێك خودای گەورە ئادەمی دروستکرد پەیمانی لەئادەمو نەوەکانی وەرگرت بەوەی نابێت هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێتو نابێت هیچ خودایەك بپەرسترێت بەڕاست بزانرێت جگە لە (اللە) نەبێت، هەروەکو خودای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت ﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آَدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا ﴾[٥٣] .

٧ ـ هەروەها گرنگی یەکی دیکەی یەکتاپەرستی ئەوەیە کە یەکەم پرسیار لەناوگۆڕدا لێت دەکرێ ئەوەیە کە (پەروەردگارت کێ یە؟) ئیدی لەوێوە دەست پێ دەکات، یاخود لەڕۆژی حەشرو حیساب دا یەکەم پرسیاررە، جا ئیتر بارت لار دەبێتەوە

---

[٥٢] هذه قاعدة مهمة وجليلة في (أصول الفقه) كما يقولون (( الأصل في العبادة منع إلا بالنص ، والأصل في الأشياء الإباحة إلا بالنص)).

[٥٣] سورة أعراف، آية ١٧٣.

چ بەرەو ۆزەخ بێت خودا پەنامان بدات یاخود بەرەو بەهەشت بێت خودای گەورە هەموومان لەوێ كۆبكاتەوە.

بۆیە براو خوشكی ئیماندارم هەوڵ بدەو خۆت ڕزگاربكە لەدۆزەخێك كە سوتەمەنییەكەی مرۆڤ و بەردە، وە پێشبڕكێ بكە بۆ بەهەشتێك كە پانتاییەكەی بەئاستی ئاسمانەكانو زەوییە، چونكە كاتێك ئەو پرسیارە دەكرێ، كۆمەڵێك هەیە هەر بەناو پەروەردگاری (الله) بووە، بەڵكو ئەو گوێڕایەڵی (گۆرانیبێژێك)ی كردووە ، یان (سەرۆك حیزبێك) یان (نوسەرێكی ماركسی بێ ئیمان) یان (پارەو سامان) یان یان یان ....هتد. خوشكی خۆم ، برای بەڕێزم هەتاكو ساتەوەختی مردن تۆ دەربارەی یەكتاپەرستی بخوێنیتەوەو گرنگی پێ بدەیت هێشتا كەمەو زیاتر داوای پێ ڕاگریو ئیستیقامە بكە لەسەر یەكتاپەرستی، چونكە تۆ لەساتە وەختێكدا دەژیت بەملیۆنەها دینو خوداو بیروباوەڕ هەیە كە نە ئەقڵ پێی ڕازییەو نە نەقڵیش هەموویان وا لەتۆ دەكەن كە یەكەم شت بیروباوەڕەكەت تێك بدەنو تووشی داڕوخانی بكەن، بۆیە ئەو گۆڵەیان لێ تۆماركردیت ئەوا تۆ حیسابت یەكلا دەبێتەوەو شۆڕ دەبیتەوە بەرەو لای دۆزەخو دینو ئیمانت لەدەست دەدەیت، بۆیە داوا لەخودا دەكەم منو ئێوەش لەسەر یەكتاپەرستییەكی تەواو دابمەزرێنێت.

### * هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام :

دوای ئـەوەی باسـی بیروباوەڕەکـانی ئیسـلام بوونمـان کـرد، وە هـەموو ئـەو شتانەمان زانـی کـە گـەر پـەیڕەو بکـرێ ئـەوا خاوەنەکـەی سـەرفرازەو لەگـەڵ کۆمـەڵی ئیمانداراندایە، لێرەدا گرنگترین ئەو خاڵانە باس دەکـەین کـە وا بیروبـاوەڕی موسـوڵمان هەڵدەوەشێنێتەوەو بەڕای زانایانیش لەئیسلام دەردەچێت گەر خۆیشـی بەموسـوڵمان‌و خاوەن ئیمان دادەنێت، بەکورتی ئەو خاڵانـەش لـە (١٠) خـاڵ پێکهـاتوون کـە بـریتین لەمانەی خوارەوە :ـ

١ ـ هاوبەشی بۆخودا دانان لەپەرستندا ، چـونکە خـودای گـەورە دەفـەرموێت:ـ ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ ﴾ [٥٤].

واتـە " خـودای گـەورە بـەهیچ شـێوەیەك لـەوە خـۆش نابێـت کەهاوبەشـی بـۆ دابنرێت، وەجگە لەوەش لەهەموو تاوانێکی دیکە خۆش دەبێت گەر خۆی بیەوێت ".

جگە لەوەش خودای گەورە لەئایەتێکی دیکەدا دەفـەرموێت :ـ ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ﴾ [٥٥].

واتە " بێگومان هەرکەسێك هاوبەش بۆخودا دابنێ ئەوا خودای گـەورە بەهەشـتی لـێ حـەرام دەکـاتو جێگـای هەمیشـەیی دۆزەخ دەبـێ، وە موشـریکەکان هـیچ سەرخەرێکیان نیە ".

---

[٥٤] سورة النساء ، آية ٤٨.

[٥٥] سورة المائدة ، آية ٧٢.

وە پێشتر ئاماژەمان بەهەموو جۆرەکانی هاوبەش دانان کرد بۆخودای گەورە جا چ داواکردن بێت یاخود سەربڕین یاخود هاوارپێکردن بێت.کە بێگومان خاوەنەکەی لەئیسلام دەردەکات چونکە شیرکی گەورەیەو بەکۆڕای زانایان خاوەنەکەی لەچوارچێوەی ئیسلام دەردەکاتو لەدۆزەخیشدا بەهەتا هەتایی دەمێنێتەوە گەر تۆبە نەکاتو نەگەڕێتەوە پێش ئەوەی بمرێت.

٢ ـ کەسێك کە لەنێوان خۆیو خودادا واسیتەیەك دابنێ بۆ هاوار پێکردن یاخود داوای شەفاعەتی لێبکات یاخود پشتی پێ ببەستێو داوای ڕزقو ڕۆزی لێبکات ئەوا دیسان بە کۆڕای زانایان چووەتە دەرەوە لەئیسلام.

٣ ـ هەرکەسێك موشریکەکان بەکافر نەزانێو یان گومانی هەبێت لەکافربوونیان یان ڕێبازەکەیان بەدروست بزانێو تەنانەت بەرگریشیان لێبکات ئەوا بێگومان کافر دەبێ.

٤ ـ هەرکەسێك باوەڕی وابێت کەڕێبازی یەکێکی تر باشترە لەو ڕێبازەی کەوا پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بووە یان حوکمی کەسێکی دیکە یان کەسێکی (تاغوت) بەباشتر بزانێ لەو حوکمەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بووە ئەوا گومانی تێدا نیە کە ئەویش کافرەو لەئیسلام چووەتە دەرەوە.

٥ ـ هەرکەسێك ڕقی ببێت لەشتێك لەوەی کەوا پێغەمبەر (ﷺ) پێی هاتووەو تەنانەت ئەگەر کاریشی پێ بکات ئەوا هەر کافر دەبێ. بەلگەش بۆ ئەم خاڵە خودای

گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:ـ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ﴾ [٥٦].

واتە " کردەوەی کافرەکان پوچەڵ بووەتەوە ، چونکە ڕقیان هەبووە لەوەی خودای گەورە دایبەزاندووە (قورئان بێت یان کتێبەکانی تر) بەو هۆیەوە کردەوەکانیانی پوچەڵ کردەوەو لێی وەرنەگرتن ".

٦ ـ هەرکەسێك گاڵتە بەشتێك لەئاینی پێغەمبەر (ﷺ) یان پاداشتی خودای گەورەدا بکات ئەوا بێگومان کافر دەبێ، بەڵگەش بۆئەم خاڵە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:ـ ﴿ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ [٥٧].

واتە " ئایا ئێوە گاڵتەو لاقرتێ بەخوداو ئایەتەکانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن؟! پاساو مەهێننەوە لەدوای ئەوەی باوەڕتان هێنابوو کافربوون ".

٧ ـ جادووگەری ، وەکو دوورخستنەوەو لەیەك کردنی نێوان ژنو پیاو یاخود دوو کەس کەپێی دەوترێت (الصرف) ، وە یەکخستنو دروستکردنی خۆشەویستی لەنێوان دووکەس بەشێوازی ناشەرعی کە (العطف)ی پێ دەوترێت ، وەهەموو ئەو کارانەی کە جادووگەر ئەنجامی دەدات، هەرکەسێك بڕای پێی هەبێت یاخود ئەنجامی

[٥٦] سورة محمد ، آية ٩.

[٥٧] سورة التوبة ، آية ٦٥_٦٦.

بدات ئەوا ئەویش كافر دەبێت، بەڵگەش بۆ ئەم خاڵە خودای گەورە لـەقورئانی پـیرۆزدا دەفەرموێت :ـ ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ (٥٨).

واتــە " ئــەو دوو فریشــتەیەی كــە خــودای گــەورە بــۆ تاقیكردنــەوەی خــەڵكی هێنابوونیە سەر زەوی ناویان (هاروت و ماروت) بوو، هیچ كەسێكیان فێری جادوو سـیحر نەدەكرد ئیللا پێیان دەگوت ئێمە فیتنەین جا خۆتان كافر مەكەن ".

٨ ـ پشتكردن لەئاینی خودای گەورە بەجۆرێك كە هەوڵ نەدات فێری ببێـت یـان كاری پێبكات ، ئەوا كافر دەبێت بەبەڵگەی ئەم ئایەتەی خـودای گـەورە كـە لەقورئانـدا فەرموویــەتی :ــ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنْتَقِمُونَ ﴾ (٥٩).

واتە " كێ هەیـە لـەو كەسـە سـتەمكارتر بێـت كـە ئایەتـەكانی خـودای بـۆ ڕوون دەكرێتــەوە لـەپاش ئـەوەی ئـەم پشـت هـەڵبكات، بەڕاسـتی ئێمـە تۆڵـە لـەتاوانباران دەسێنینەوە ".

٩ ـ كەسـێك پشـتیوانو هاوكـاری كەسـانی موشـریكو كـافر بكـات لـەدژی موسـوڵمانان، ئـەوا ئـەو كەسـەش كـافرە بەبەڵگـەی ئـەم ئایەتـە كـە خـودای گـەورە دەفەرموێت :ـ ﴿وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ (٦٠).

---

(٥٨) سورة البقرة ، آية ١٠٢.

(٥٩) سورة السجدة ، آية ٢٢.

(٦٠) سورة المائدة ، آية ٥١.

واتە " هەركەسێك پشتیوانی كافران بكات ئەوا وەكو ئەوان حیسابی بۆ دەكرێت ، وە خوداش هیدایەتی هۆزی كافران نادات ".

١٠ ـ هەركەسێك بیروباوەڕی وابێت كە دەتوانێتو مەودای هەیەو ڕێی پێدراوە كە لەشەریعەتی ئیسلام لابداتو ئاینێكی دیكە بۆ خۆی هەڵبژێرێت ئەوا بێگومان ئەویش كافر دەبێت، بەبەڵگەی ئەم ئایەتەی خودای گەورە كە دەفەرموێت :ـ ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآَخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [٦١].

واتە " هەركەسێك جگە لەئاینی ئیلام ئاینێكی دیكە بۆخۆی هەڵبژێرێت ئەوا لێی وەرناگیرێتو لەدوارۆژیشدا لە خەسارەتمەندانە ".

بۆیە خوشكی بەڕێزم ، برای خۆشەویستم ئەم (١٠) خاڵەی كەخستمانە ڕوو بەكۆی ڕای زانایانی (ئەهلی سوننەو جەماعەت) كەسێك ئەنجامی بدات ئەوا لەئیسلام دەردەچێتو پێی كافریش دەبێت، بۆنمونە گەر پێی وابێت لەسەدەی بیستو یەكەمدا سەدەی عەولەمەو جیهانگیرییە یان سەدەی ئەنتەرنێتو شتە تازە داهێنراوەكانە تازە ئیسلام باوی نەماوە گەر (بەڕاستەوە بەئەنقەست بیڵێ یاخود بەگاڵتەو گەپەوە بیڵێ یاخود بەهەر شێوازێكی دیكە كەخۆی پێ هەڵ ئەخەڵەتێنێ) ئەوا پێ كافر دەبێ، وە كەسێك شتێك بزانێ كە دەستورێك پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامەو ئەم پێی ڕازی بێو هەروەها لەبەرامبەردا بەحوكمی شەریعەتی ئیسلام ڕازی نەبێو بڕینی دەستی دزو كوشتنی كەسی زیناكەر جا چ پیاو بێت یان ئافرەت هەمووی بەشتی كۆن بزانێو وای

[٦١] سورة ال عمران ، آية ٨٥.

دابنێ ئێستا باوی نەماوە ئەوا دیسانەوە کـافر دەبـێو لەئیسـلام دەردەچـێ، هـەروەها کەسێکیش گاڵتە بەسـوننەتەکانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بکـاتو وای دابـنێ کەشـتێکی عەشایەرانەیەو بێکەڵکو بێبایەخە، لەکاتێکدا کە دەزانـێ ئـەوە سـوننەتەو عیلمـی پێـی هەبێ دیسانەوە ئەویش کافر دەبێ بەبەڵگەی خاڵی شەشەم کـەباسمانکرد. وە دەیـانو سەدان نمونەی تر هەیە کە ئاماژە بۆ هەبوونی ئەو (١٠) خاڵە دەکەن لەتاکەکانی ئـەم کۆمەڵگایەی ئەمڕۆی ئیسلامدا، بۆیە دیسانەوە دەیڵێمەوە خوشکی خۆم ، بـرای ئـازیزم هەوڵ بدەن بیروباوەڕتان چاك بکەنو ئاگاتان لێی بێـت ، نـەوەکو ئێسـتا کـافر ببـێتنو خۆتانیش ئاگاتان لێی نەبێت بۆیە داوا لەخودا بکەنو بگەڕێنەوە سەر ڕێگا ڕاسـتەکەی ئیسـلامو خۆتـان بـەدوور بگـرن لەهـەر ڕێگـاو ڕێچـکەیەکی دیکـە کـەتازە داهێنـراوەو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامەو دەیانو هەزاران شیرکو شتی ئەفسـانەیيو خورافیـاتی تێدایە کەهەموو پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەتو جەماعەتە.

# بەشی دووەم :

## زیانو مەترسی شەریكو هاوەڵ بۆخودا دانان (*)

١ ـ شەریك بۆخودا دانان گەورەترین زوڵمو ستەمە، وەكو خودا فەرموویەتی ﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾[٦٢] .

٢ ـ پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی (( أن تجعل لله ندا وهو خلقك ))[٦٣] .

واتە " گەورەترین تاوان ئەوەیە کەهاوەڵ و هاوشێوەو شەریك بۆ خوا دابنێیت لە حاڵەتێكدا کە تەنها ئەو تۆی دروست کردووە ".

٣ ـ پەروەردگارلەشەریك دانان خۆش نابێت بەهیچ شێوەیەك و لێبوردەو عەفوکردن شمولی شیرکی گەورە ناکات : وەکو خودای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْماً عَظِيماً﴾[٦٤] .

واتە " پەروەردگار لە گوناهێك خۆش نابێت کە بریتی بێت لە شەریك بۆدانانی . بەڵام بەگوێرەی ویستی خۆی خۆش دەبێت لە هەر گوناهێك تر جگە لەشیرك. وە هەرکەسێ شەریك بۆ خوا دابنێ ئەوا گوناهو بوهتان و درۆیەکی گەورەی کردوە "

---

(*) لەگۆڤاری ڕێگای ڕاست ژمارە (١) وەرگیراوە بەدەستکاری یەکی کەمەوە ، نوسینی (د.عبداللطیف أحمد مصطفى).

[٦٢] سورة لقمان ، آية ١٣ .

[٦٣] البخاري : ٤٤٧٧ .

[٦٤] سورة النساء ، آية ٤٨ .

چونکە خوا شەریکی نییە لە ڕاستیدا .کەواتە ئەگەر کەسێك لە سەر شیرکی گەورە مردبێت بێ ئەوەی تۆبەی لێ کردبێت ئەوە پەروەردگار بەهیچ شێوەیەك لیی خۆش نابێ.کەواتە شەریك بۆ خوا دانان گەورەترە لە کوشتنی نا بە هەق و زینا و دزی وهەموو تاوانە گەورەکانی تریش!.

٤ ـ شەریك بۆ خوا دانان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەموو کردەوەو چاکەیەك. خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾[٦٥] .

واتە " ئەگەر شەریکت بۆ خودا دانا ئەوا کردەوەکانت هەڵدەوەشێتەوە" .

٥ ـ زەرەرمەندبوونی دنیا و قیامەت، وەك پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿.....وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[٦٦] .

واتە " ئەگەر شەریکت بۆخودا دانا ئەوا لە زەرەمەندان دەبیت " .

٦ ـ حەرام بوونی بەهەشت لێیان :

٧ ـ چونیان بۆ ناو دۆزەخ و مانەوەیان تێدا بە بەردەوامی :

٨ ـ هاوبەشی پەیداکەران شەفاعەت کارو سەرخەرێکیان نییە. وەك خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾[٦٧] .

---

[٦٥] سورة الزمر ، آية ٦٥.

[٦٦] هەمان پەراوێزی پێشوو.

واتە " هەر یەکێك شەریك بۆ خـودا دابنێـت ئـەوا پـەروەردگار بەهەشـتی لێ حـەرام کردوە، شوێنیشی دۆزەخەو،وە هیچ پشتیوانێکیان نییە ڕزگاریان کات لەم حالە

وە شیرك سوکایەتییە بۆ مرۆڤ.،چونکە مل کەچی بەندایەتی دەنوێنێـت پەرسـتراوێکی وەکو خۆی بێ دەسەڵات و دروستکراو،وە ئومێد و متمانەی بە خوا کەم دەبێتـەوە و ئیعتمـاد دەخاتە سەر شتی خورافی و دار و بەردو پەڕۆ و گۆڕ وە لە هەموو ئەو شتانە دەترسێت".

**شیرك دوو جۆرە** [٦٨] :

**جۆری یەکەم : شیرکی گەورەو ئاشکرا : (الشرك الأكبر الجلي) .**

خاوەنەکەی پێی لە ئیسلام دەچێـتە دەرەوەو کـافر دەبـێ دوایـی چەسـپاندنی بەڵگـە لەسەری وە هەموو ئەو زیان مەترسی و هەڕەشانەی پێشوویشی لە سەرە، وە ئـەوەی جێگـای مەترسییە ئەوەیە خەڵکانێك و کۆمەڵانێك لەو ئوممەتە دەگەڕێنەوە سەر دینی هاوەڵ و شەریك بۆ خوادانان، وەك لە حەدیسدا هاتووە کەپێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی (( **ولا تقوم الساعة حتى يلحق حي من أمتي بالمشركين ، وحتى تعبد فئام من أمتي أوثان** ))[٦٩] .

کەواتا شیرك لە ناو ئوممەتدا هەیە، لە بەر ئەوە زۆر زەرووره موسوڵمان وریا بێت و لە هەموو خراپەیەك زیاتر خۆ پارێزی لێبکات. وە خۆ پارێزی بەوە دەست پێ دەکات کـە جـۆری

---

(٦٧) سورة المائدة ، آية ٧٢.

(٦٨) هەندێك لەزانایان فەرموویانە جۆری سێهەمیشی هەیە کەبریتی یە لە شیرکی ون (الشرك الخفى).

(٦٩) رواه أبو داود : ٤٢٤٤. صحيح على شرط مسلم.

شیرك بناسیت بەوردی تاوەکو بتوانیت خۆی لێ بپارێزیت بە یارمەتی خودا چونکە دوژمنت نەناسیت ناتوانیت خۆ پارێزی لێ بکەیت!.

### ٢ ـ شیرکی بچوك و نائاشکرا : ( الشرك الأصغر الخفي ) .

خاوەنەکەی پێی لە ئیسلام ناچێتە دەرەوەو کافر نابێت، بەڵام گوناهێکی زۆر گەورەیە و ئەو کردەوەیە هەڵدەوەشێنێتەوە کە شیرکەکەی تێدا کۆکراوە مەترسی چوونە دۆزەخی لێ دەکرێت .

### جۆری یەکەم : شیرکی گەورە : (الشرك الأكبر).

شیرکی گەورە بریتییە لە یەکسان کردنی غەیری خوا بە خوا لەو شتانەدا کە لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگارێتین یان پەرستراوێتین یا ناو سیفە تەکانن.مەبەستیش لەو یەکسان کردنە هاوەڵ بۆ دانانێتی لە تایبەتمەندییەکانییدا جا جیاوازی نییە کە گەیاندبێتیە پلەی پەروەردگارێتی تێدا یان نا!.

کەواتە شیرکی گەورە بریتییە لە( **أن تجعل لله ندا في ربوبيته أو ألوهيته أو أسماءه وصفاته** )[٧٠] واتە هاوەڵ و هاوبەش و هاوشێوە دانان بۆ خوا لە یەکێ لەو سێ لایەنەدا کە تایبەتە بەخۆی:

١ ـ لایەنی پەروەردگارێتی.

٢ ـ لایەنی پەرستراوێتی .

٣ ـ لایەنی ناو سیفەتەکانی.

---

[٧٠] معارج القبول (٢ / ٤٨٣).

## یەکەم : شیرك بۆ خوادانان لە پەروەردگارێتیدا

## (الشرك في الربوبية)

کە بریتییە لەوەی کە غەیری خودا بکەیتە شەریکی ویەکسانی خوا لە تایبەتمەندییەکانی پەروەدگارێتیدا یاخودشتێکی تایبەت مەندییەکانی پەروەردگارێتی پاڵ بدەیتە غەیر خوا وەك دروست کردن و ژیاندن و مراندن و بەڕێوەبردنی بوونەوەر و ڕزق و ڕۆزی دان و شەرع و یاسا بۆ دانان و فرمان پێکردن و سود و زیان بەدەست بوون و وێنەی ئەمانە. ئەهلی سوننەت باوەڕیان وایە: کە سود و زیان و خێر و شەڕ، مردن و ژیان و ڕزق و ڕۆزی و فەقیری و دەوڵەمەندی و ساغی ونەخۆشی بەڕێوە بردنی بوونەوەر تەنها بەدەست خودایە. بەگوێرەی قەزاو قەدەر و بڕیار و ویست و فەرمانی ئەوە، بێ ئەوەی کەسێك هەبێت بەر هەڵستکاری بێت، یان بەرامبەر خودایکی هەبێت یان شەریکێکی هەبێت، یان یارمەتی دەرێکی هەبێت لەیەکێك لەو شتانەدا وەك لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت :

١ ـ ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾[٧١] .

واتە " دروستکردن وبەڕێوەبردن و فەرمان پێ کردن و بەرنامەو شەرع و یاسا و بۆ دانان تەنها بۆخودایەو، تایبەتە بەو زاتە، کە پەروەردگاری هەموو جیهانە".

---

[٧١] سورة الأعراف ، آية ٥٤.

٢ ـ ﴿وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِير﴾[٧٢] .

واتە: مولْكی ئاسمانەكان و زەوی و نێوانیشییان تەنها بۆ خودایە.

٣ ـ ﴿هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ﴾[٧٣] .

واتە: ئایا هیچ دروستكراوێكی تر هەیە ڕزقتان بدات لە ئاسمان و زەوی؟!

كەوا بوو هەركەسێك غەیری خودا بكاتە شەریك و هاوبەش و یەكسانی خوا لە تایبەتمەندییەكاتی پەروەردگارێتی دا ، واتە باوەڕی وابێت كە دروست كارێكی تر لەگەل خودا یان مەلیكێكی تر خاوەنی بوونەوەرە لەگەڵ خودا یا یەكێكی تریش بۆی هەیە حەلاڵ و حەرام و شەرع و یاسا بەڕێوەبردن بۆ مرۆڤ دابنێت ئەوە ئەویشی كردوە بەشەریكی خودا لە پەروەردگارێتییدا .

**﴿توانای هێنانی خۆشی و لادانی ناخۆشی دانە پاڵ غەیری خوا شەریك بۆ خوادانانە لە پەروەردگارێتییدا﴾**

لە چەندین ئایەت و حەدیسدا هاتووە كە هیچ یەكێ غەیری خودا سود و زیانی بە دەست نیە بۆیە نابێت هاواریان بكرێتێ، وەك لەم ئایەتەدا دەردەكەوێت : ﴿قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ

---

[٧٢] سورة المائدة ، آية ١٧.

[٧٣] سورة فاطر ، آية ٣.

زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ﴾[٧٤] . .واتـە: ئـەی محمـد (ﷺ) بـۆ ئـەوەی ناشـیاوێتی و ناشایستەیەتی پەرستراوێتی غەیری خوا نیشانی موشریکەکان بدەیت بەڵگەی ڕونیان بۆبخەیتە ڕوو لە سەر ئەوەی کە پەرستراوەکانیان بە هیچ شێوەیەك هیچ سود و زیانێکیان بە دەست نییە ، کەواتا شایستەی ئەوە نین ڕەجای دەست خستن ولادانی شەڕیان لیٚ بکرێت و هاواریان بکرێتیٚ و ئیعتمادیان پیٚ بکریٚ ، چونکە هیچیان بە دەست نییە بفەرموو ئەی مووشریکەکان کە بانگ ئەکەن ئەوانەی کە دەیان پەرستن غەیر خوا و کردوتانە بە شەریکی خودا لە ئیعتیقاد بوون بەوەی کەشتێك لە سوود و زیان بەدەست بێت و ئیعتماد خستنە سەر و هاوار و داوا لیٚ کردنیان بانگیان کەن تا بۆتان دەرکەوێت کە هەریەکێك لەوانە ئێوە ئیعتمادتان پێیانە ، کەواتە غەیری خوا:

١ ـ خاوەنی تۆزقالێکیش نین سەربەخۆبن لە ئاسمانەکان و زەویدا.

٢ ـ وە لەوەش کەمتر بە شەراکەتیش لەگەڵ خوا هیچ بەشێکیان نییە.

٣ ـ وە لەشەراکەتیش کەمتر یاریدەرو جێگری خواش نیین لە هیچ شتێکدا واتا پەروەردگار بەیاریدەدەریش قبوڵیان ناکات و هیچ مافێکیان نییە لەگەڵ خوادا.

٤ ـ وە هەروەها لەوەش کەمتر ناتوانن تکاو ڕجاو شەفاعەتیش بکەن لەلای خوا بەبیٚ ئیزن و ڕوخسەتی ئەو بە تەواوەتی.

---

(٧٤) سورة سبأ ، آية ٢٢.

کەواتە بۆمان دەرکەوت غەیری خوا هیچی بەدەست نییە کەهیچیشی بەدەست نەبێت بێ عەقڵو بێ شەرعییە کە مرۆڤ خۆی بە وان ببەستێت و ئیتمادیان بخاتە سەر، چونکە مرۆڤ کاتێك داوە لە یەکێك دەکات لە بەرئەوە داوای لێ دەکات چونکە باوەڕی وایە کە شتێکی بەدەست بێت لە هێنانی خێر و لادانی شەڕ بە یەکێك لەم چوار شێوەییە:

أ ـ بە شێوەی سەر بەخۆی (علی وجە الإستقلال) خاوەنی سوڵتە بێت.

ب ـ یاخو بەسەر بەخۆ نەبێت بە هاوبەشی و شەراکەت لەگەڵ یەکێکی تری خاوەن دەسەڵاتدا(علی وجه الإشتراك).

ج ـ یاخود ئەگەر شەریکی دەسەڵاتدارەکە نەبوو ئەوا یارمەتی دەر و جێگرو ژێردەست و وەزیری بێت.

د ـ یاخو ئەو مافەی نەبوو مافی ئەوەی هەبێت وا لە خاوەن سوڵتەکە بکات بە ئازادی وسەربەستی و کراوەیی هەرداوایەکی بێت بۆ هەر کەسێك داوا بکات و هەر کاتێك بێت.

بەڵام پەروەردگار لە ئایەتەکەی سورەتی سبأ ڕوونی کردووەتەوە کە غەیری خوا هەرچەندە پلەو پایەیشی بەرز بێت وەك پێغەمبەرانی نێردراوی خواو فریشتەکانی لە خوا نزیك و پیاوچاکانیش هیچ یەکێك لەم چوارمافەیان نییە ناتوانن داوای شەفاعەتیش بکەن بەچەند مەرجێك نەبێت کەئەمانەن :

١ ـ خوا ئیزنیان بدات .

٢ ـ وە ئەو کەسەش کە شەفاعەتی بۆ دەکەن خوا ڕازی بێت لە شەفاعەت بۆ کردن بۆی.

وە لە هەمان حەدیسدا هاتووە .

١ ـ ( اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت)[٧٥] .

٢ ـ ( واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك ولو اجتمعوا على أن يضروك بشيء لم يضروك بشيء إلا قد كتبه الله عليك)[٧٦] .

وە لە ئایەتی تریشدا هاتووە کە خۆشەویسترین بەندەی خوا کە پێغەمبەرە(ﷺ).هیچی بەدەست نییە لە خێرو شەڕ، نە بۆخۆی نە بۆ غەیری خۆی وە شایستەی ئەوەی نییە کە ئێمە هاواری بکەینێ بۆ نمونە خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ﴾[٧٧] .

.واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ هیچت بەدەست نیە ، کەوابوو با خەڵکیش ئەوە بزانن بۆیە پێیان بفەرموو : ﴿قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلاَ ضَرّاً إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ﴾[٧٨] .

واتە: بفەرموو من هیچ سوود و زیانێکم بەدەست نییە بۆ نەفسی خۆشم ، مەگەر شتێك کەخودا ویستی لە سەر بێت چ جای بۆ ئێوە.

وەهەمان مانا لە حەدیسدا هاتووە کە ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) فەرمووی:( **يا معشر قريش اشتروا أنفسكم من الله لا أغني عنكم من الله شيئا يا بني عبد مناف اشتروا أنفسكم**

---

(٧٥) متفق عليه.

(٧٦) صحيح الجامع ، ٧٩٥٧.

(٧٧) سورة آل عمران ، آية ١٢٨ .

(٧٨) سورة الأعراف ، آية ١٨٨ .

**من الله لا أغني عنكم من الله شيئا يا عباس بن عبد المطلب لا أغني عنك من الله شيئا يا صفية عمة رسول الله لا أغني عنك من الله شيئا يا فاطمة بنت محمد سليني من مالي ما شئت لا أغني عنك من الله شيئا)**[٧٩] .

واته: ئەبو هورەیرە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە کاتێك کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : ﴿**وأنذر عشيرتك الأقربين**﴾ واتە بانگەوازی عەشیرەتو خزم وکەسە نزیکەکانی خۆت بکە و ئاگاداریان بکەرەوە، پێغەمبەر(ﷺ) خەڵکی قورەیشی هەموو کۆکردەوە پێ فەرموون: ئەی عەشیرەتی قورەیش نەفسی خۆتان دەرباز بکەن لە ئاگر، چونکە من بۆم دابین ناکرێت هیچ زیان و سودێك لەلایەن خواوە بۆ ئێوە.

ئەی هۆزی بەنی عبدمناف نەفسی خۆتان دەرباز بکەن لەئاگر، چونکە من بۆم دابین ناکرێت هیچ زیان و سودێك لەلایەن خواوە بۆ ئێوە.

ئەی عەباسی مامی پێغەمبەر نەفسی خۆت ڕزگار بکە لە ئاگر،چونکە من بۆم دابین ناکرێت بۆت هیچ زیان و سودێك لەلایەن خواوە.

ئەی صەفییەی ئامۆژنی پێغەمبەر نەفسی خۆت دەرباز بکە لە ئاگر، چونکە من بۆم دابین ناکرێت بۆت هیچ زیان سودێك لەلایەن خواوە.

ئەی فاتمەی کچی محمد(ﷺ)،داوام لێبکە ئەوەی دەتەوێت لە ماڵەکەم،چونکە من بۆم دابین ناکرێت بۆت هیچ زیان و سودێك لەلایەن خواوە.

---

(٧٩) صحيح الجامع ، ٧٩٨٢.

کەواتە بەڵگەی قورئان وحەدیس ڕوون بووە وە کە بەڕێوەبردنی بوونەوەر بە هەموو شێوەیەکییەوە سود و زیان وخەیرو شەڕ تەنها بەدەست خودایە.وە هەرکەسێك ئیعتیقادی ئەم شتانەی بە غەیری خوا هەبێت ئەوە شیرکە وە کوفرە. بەلاّم بەداخەوە لەناو موسوڵماناندا نەفامی وا هەیە کە ئەم جۆرە ئیعتیقادە شیرکیەیان بەغەیری خودا لە پێشەوایان و پیاو چاکان وە ئیعتیقادیان وایە کەخودا توانای بەڕێوەبردنی هەندێ بونەوەری پێ بەخشیون وەك لەم قسە ناڕوایانەی خۆیاندا دەردەکەوێت کە لە کتێبەکەی خۆیاندا نەقڵ کراون.

لە بەر ئەوە ئیعتیقادە شیرکیە وپوچە دەبینین و دەبیستین زۆر لە نەفامان و هاوار دەکەن شێخ عەبدولقادر ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ وە ناوی (غوس ) یان لێ ناوە کە لەڕاستییدا تەنها خودا (غەوس)ە ، چونکە (غەوس) واتا (فریاگوزار) دێت واتە ئەوەی لەکاتی تەنگانەدا بە فریای دێت.وە باوەڕیان وایە کە توانای ئەوەی هەیە هەموو داواکارییەکە جێبە جێبکات و وەلاّمی هەموویشییان بداتەوە، یەکەمیان لە نەخۆشی چاك بکاتەوە و دووەمیان لە بەلاّ لابدات سەدەمیان منالّی پێ ببە خشێت و... هەزارەمیان لە سەیارە وەرنەگەڕێت (سبحان الله عما یقولون).

## تێبینی : چەند گروپێك گومڕا شەریکیان داناوە بۆخودا لە پەروەردگارێتی دا کە ئەمانەن :

١ ـ المجوس: مەجوسییەکان کە ڕووداوە چاکەکان دەگەڕێننەوە بۆ ڕووناکی و بە هی ئەوی دەزانن. وە ڕووداوە خراپەکەکان دەگەڕێننەوە بۆ تاریکی.

٢ ـ القدریە: قەدەرییەکان زیادەڕوییان کردوە لە باوەڕبوون بە ویست وتوانا بۆ مرۆڤ، بە شێوەیەکی وا کە دەڵێن مرۆڤ خۆی دروسکەرو بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی، بە بێ ویست وتوانای خودا.

٣ ـ الصابئە: ئەستێرە پەرستان، کە باوەڕیان وایە ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمان دەوریان هەیە لە بەڕێوە بردنی جیهان. وە لە شێوەی ئەوانیش.

٤ ـ (عباد الشمس) خۆرپەرستان .

٥ ـ (عباد النار) ئاگر پەرستان .

٦ ـ (المتکبر المتشبە باللە) هەرکەسێك خۆی بە گەورەو زل نواند، زەلیل بوون مل کەچ بوونی خەڵکی بۆ خۆی خوازی. وە لادانی ناخۆشی، وە لەڕێگای ئەوە بزانن ئەوەی خۆی چواندووە بە پەروەردگار و خۆی کردووە بە شەریکی خودا. وە هەر کە سێك ئاوابێت پەروەردگار بەپێچەوانەی ئاواتی خۆی سزای دەداتو سوكو ڕیسوا و بچوکی دەکات وە بەزەلیلیش دەیخاتە ناو دۆزەخەوە وەك لە بەڵگانەدا دەردەکەوێت.

١ ـ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[٨٠] . واتـه ئەوانەی کە خۆیان بەزل دەنوێنن بەرامبەر بەندایـەتی و مـل کەچـی بـۆ خـوا ،ئـەوا دەچـنە دۆزخەوە بەزەلیلی .

٢ ـ پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی پـەروەردگار فەرموویـەتی (**العظمة إزاري ، والكبرياء ردائي ، فمن نازعني واحدا منهما عذبته**)[٨١] .

٣ ـ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی : (**لا يدخل الجنة أحد في قلبه مثقال حبة خردل من كبرياء**)[٨٢] .

وە ئەگەر مرۆڤ وێنەیەك یان پەیکەرێك دروست بکـات ، ئـەوا لـەو کەسـانە دەبێـت کەتوندترین سزا دەدرێـن لـەڕۆژی دوایـی، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی : پـەروەردگار فەرمویەتی(**ومن أظلم ممن ذهب يخلق خلقا كخلقي**)[٨٣] . واتە کێ زاڵم ترە لـەو کەسـەی کە دەچێ شتێك دروست دەکات لەو شتەی من؟! واتە هیچ کەسێك زاڵم تر نییە لەوەی وێنەی ڕوح لە بەرێك دروست دەکات ! وە پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی (**إن من أشد أهل النار يوم القيامة عذابا المصورون**)[٨٤] .

---

[٨٠] سورة غافر ، آية ٦٠.

[٨١] صحيح مسلم : ٢٦٢٠.

[٨٢] صحيح مسلم : ٩١ ، وأبو داود :٤٠٩١.

[٨٣] متفق عليه.

[٨٤] صحيح مسلم : ٢١٠٩.

واتە: وێنە کێشەکان لە ڕۆژی دوایی لەو کەسانەن کە توندترین سزایان هەیە لە ئاگردا.

ئەو کەسە توندترین سزا دەدرێت چونکە خۆی چواندوە بەخودا لە سیفەتی دروستکردندا. ئەی دەبێت سزای ئەوکەسە چەند توندبێت کە خۆی بچوێنێت بەخودا سیفەتەکانی گەورەی و مەزنی و تایبەتمەندییەکانی پەروەردگارێتی و خوایەتی ؟! ئەو کەسانەی کەدەیانەوێت خەڵکی بەندایەتی بۆ بکەن و کڕنوشیان بۆببەن سەریان بۆ دانەوێنن وسوێندیان پێ بخۆن وحەلاڵ وحەرام و شەرع ویاسا لەوانەوە وەربگرن !

## دووەم : شیرك لەناو سیفەتەكانیدا

## (الشرك في الأسماء والصفات)

شەريك و هاوەڵ بۆ خوا دانان لە ناوە جوان وسيفاتە بەرزەكانيدا بە دووشێوە دەبێت:

**شێوەی یەكەم : التعطيل :**

واتە نەهێشتن و لادان و نەفی كردنی سـيفەتەكانی خـوای پـەروەردگار وەك جـەهمی و قەرمیتەكان سیفەتە كامل و تەواواوەكانی نەفی دەكەن بە نوقسانی و بێ سیفەتە تەواوەكانی دەیهێڵنەوە. وە گومانیش لەوە دانییە كە تەواوەتی هەموو زاتێك بـە تـەواوەتی وكاملیـەتی ناوو سیفەتەكانییەوەیە. وە بەم دابڕینی سیفەتانە لەخودا، پەروەردگاریان دابەزاندووە بـۆ ژێـر پلەی بەندە دروستكراوە كانی، چونكە چەندەها سیفەتی باشیان بۆ ئەوەان داناوە ، لەكاتێكدا كەهیچ سیفەتێكیان بۆ خوای پەروەردگار نەهێشتوتەوە !

**شێوەی دووەم : وێچوواندن (التمثيل)**

**ئەمەشیان دوو جۆرە :**

**أ ـ وێچواندنی خودا بەبەندەكانی :** (تشبيه الخالق بالمخلوق) :

وەك ئەو پێڕە گومڕایە كە پێیان دەوترێت (المشبهة) كە پەروەردگار دەچوێنن بە بەندەی دروستكراو لە سیفەتەكانیدا ،كە دەڵێن خوا دەستی هەیە وەك دەستی ئێمـە وە تـوڕە دەبێـت وەك توڕەیی ئێمە، وە بەرز دەبێتەوە دادەبەزێت وەكو ئێمە، وە هەروەها لـە مامەڵـە لەگـەڵ

کردنیشدا پەروەردگار دەچوێنن بە بەندە، بۆ نزیـك بوونـەوەمان لێـی پێویسـتمان بەواسـیتەو تکاکار دەبێت.

**ب ـ وێچواندنی عەبد بە خوا** (تشبه المخلوق بالخالق) :

واتە وێچواندنی کەسێك بە خوا لە شتێك لە سیفەتەکانییدا، وەکو وەسفکردنی کەسێك یا زیاتر لە سیفاتە تایبەتیەکانی خوا.

واتە ئیعتیقاد بوون بەوەی کەسێك هەیە لەگەڵ خودا یان لە بەرامبـەر ئـەودا خـاوەنی شتێکە لە سیفەتەکانی خودا وەك زانیینی غەیبی ـ بۆ نمونە ـ .

**شیرك لەزانیاری دا ( الشرك في العلم )**

زۆر لە نەفامان باوەڕیان وایە شێخەکانیان ئاگاداری (علم الغيب) هەن ، وە بەغاییبیش دوای مردنیشیان هەر زانیاری و ئاگادارن بـەحاڵی خـەڵکی و موریـدەکان، وە لـەوەش زیـاتر زێدەڕەوییان کردووە , بۆ نمونە ( البوصيری ) شاعیر ، کە هەموو عیلمی غەیب تەنها بەشێکە لە عیلمی پێغەمبەر (ﷺ) وەك لە وەسفیدا وتویەتی :

**فإن من جودك الدنيا وضرتها ومن علومك علم اللوح والقلم**

وە بە داخەوە زۆر لە نـەفامان وەکـو تـوتی دەیلێنـەوە لـە موناسـەباتی دینییـدا بـێ بیرکردنەوە لەماناکەی !

کەواتا لە جۆرەکانی شیرك لەناو سیفاتەکانیدا ، وێچواندنی عەبدە بە خوا لە لە زانینی غەیب ( الشرك في العلم ) چونکە لەڕاستییدا تەنها پـەروەردگار ئاگـاداری نیـاز و نهێنـی و

شاراوەکانە ئەو نهێنیانەی کەنازانرێن نە بەهەستیارەکان، نە بەعەقڵ و هۆش ، خودای گـەورە دەفەرموێت : ﴿وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ﴾[٨٥] .

واتە : تەنها لەلای خوایە کلیلی نیهێنی و پەنهانەکان کەکـەس نایزانێـت تـەنها خـۆی نەبێت . وە ئەو پێچ نهێنیە پەنهانەش لە قورئان و حەدیسـدا ڕوونکراوەتـەوە بـە کلیلـەکانی غەیب ناوبراون، خودای گەورە لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت : ﴿إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَداً وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾[٨٦] .

١ ـ واتە بەڕاستی لەلای خوایە زانیاری ڕۆژی دوایی، واتە کەس نازانێت ڕۆژی دوایـی کەیە خۆی نەبێت.

٢ ـ وە هەروەها کەس بەیەقینی نازانێت باران بارین کەیە خۆی نەبێت.

٣ ـ وە کەس نازانێت ناو ڕەحمی ئافرەت چ دروستکراوێکی تیا دروسـت دەبێـت چـۆن دەبێت خۆی نەبێت تاوەکو خۆی فەرمان نەکات بەفریشتەکانی بەنوسینی تەمەنی و کـردەوەو ڕزقەکەی.

٤ ـ وە کەس نازانێت بەیانی چی دەکات.

---

(٨٥) سورة الأنعام ، آية ٥٩.

(٨٦) سورة لقمان ، آية ٣٤.

٥ ـ وە کەس نازانێت لە کوێ دەمرێت بە یەقینی بەڵکو تەنها خوا زانیارە بەم نهێنییانە.

وە هەروەها هەموو نهێنیە پەنهانەکانی ئاسمانەکان و زەوی تەنها لای خوایە.

پێغەمبەریش(ﷺ) لە غەیب نازانێت! لەبەر ئەوەی خوا فەرمانی پێ کردووە کە بفەرموێ من غەیب نازانم،وەکو لەم ئایەتەدا فەرموویەتی ﴿قُل لاَّ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ﴾[٨٧] .

وتە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بفەرموو: من پێتان نالێم موڵك و خەزێنەی خوا لای منە وە غەیبیش نازانم .

بەڵام جاری واهەبوو پەروەردگار چەند غەیبێکی بە پێغەمبەرێك ڕاگەیاندووە و ئاگاداری کردووەتەوە لێی ، لە بەر حیکمەتێك وە بۆ دەرخستنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکەی وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَداً إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِن رَّسُولٍ﴾[٨٨] . کەواتا ئەو پێغەمبەرانە نەبێت کە خوای گەورە چەند غەیبێکە پێ ڕاگەیاندون هیچ کەسی تر غەیری خوا غەیب زانن نییە نەپیاو چاکان و وە جنۆکە و شەیتانەکان،وە نەفالگرو شوێن هەڵگرەکان، .. وەهەرکەسێك ئیددیعای غەیبی تەواو بکات بۆ خوا یان غەیری خۆی ئەو شیرکی بۆ خوا بڕیاری داوە لەسیفاتەکانیدا لەلایەن زانینی غەیب.

---

(٨٧) سورة الأنعام ، آية ٥٠.

(٨٨) سورة الجن ، آية ٢٦_٢٧.

تێبنی : چەند جۆرە زانینێك هەن كە بەهۆی پێشەكی و نیشانە و تەجرووبەوە دەزانرێن تا ئەندازەیەك ئەم جۆرە زانیاریانە غەیب نییە و شیرك نییــە.وەك زانیینــی كۆرپــە لــە ســكی دایكدا دوایی چەندمانگێك یاخود ئیحتمالی دانانی باران بارین بە هۆی حاڵەتی هەورو كـەش و هەواوە.

## سێهەم : شەریك بۆخودا دانان لە پەرستراوێتیدا

## (الشرك في الألوهية):

شیرك لەپەرستراوێتیدا ئەوەیە كەبەندە هاوەڵو شەریكێك بۆخــودا دابنێــتو یەكســانی بكات بەخودا ، لەشتێك لەتایبەتمەندێتی یەكانی پەرستراوێتی ، كەجۆرەكانی پەرستنن ، وەك ئەوەی كەهاواری بكاتێ هەروەكو هاوار دەكاتە خودا ، هــەروەكو تكــای لێبكــات چــۆن تكــا لەخودا دەكات ، یاخود خۆشی بوێت چۆن خودای خۆش دەوێت ، وەیاخود گوێڕایەڵی دەكاتو شوێنی دەكەوێت هەروەكو چۆن خودای گەورە گوێڕایەڵی دەكرێت.

شیرك لەپەرستندا شەش جۆری سەرەكی هەیە :

### ١ ـ شیرك لەهاواربۆكردن و داوالێكردن (شرك الدعوة أي الدعاء):

هاواركردنو داوالێكردن لەغەیری خودا دوو جۆرە :

### جۆری یەكەم :

داوای شتێك بكات لەغەیری خودا كە تەنها ئەو شــتەش لەدەســەڵاتی خــودادا بێــت ، بۆنمونە ، داوای بەخشینی منداڵ لەكەسێك بكات یان لەگۆڕێك بكــات ، یــاخود داوای شــفای

نەخۆشی لەپیاوچاکێك یاخود ئیمامێك بکات یاخود داوا لەکەسێك بکاتو هـاواری پێبکـات لەکاتێکدا ئەو کەسە لەوێ نەبێو دووربێت کەقسەکە نەبیستێت.

هەموو ئەو جۆرە داواکارییانە لەغـەیری خـودا شـەریكو هـاوەڵ بڕیاردانـە بۆخـودا ، چونکە ئەو کەسە وادەزانـێو بیروبـاوەڕی وایـە کەکەسـی داوالێکـراو توانـای وەڵامدانـەوەو جێبەجێکردنی هەموو ئەو شتانەی هەیە کەتەنها لەتوانای خـودادا هـەن ، وە بیروباوەڕیشـی بەشێوەیەکە کە ئەو کەسانە هەرچەندە دووریشن یاخود مردوون بەڵام توانـای وەڵامدانـەوەیان هەیە ، خودای گەورە پەنامان بدات ، ئەوە شیرکی گەورەیە ئەویش لەچەند ڕوویەکەوە :

١ ـ لەلایەنی بیروباوەڕەوە .

٢ ـ لەلایەنی داوالێکردنو پشت پێبەستنو پەرستنیشدا.

٣ ـ هـەروەها لەلایـەنی چواندنیشـی بـەخودای پـەروەدگار لەسـیفاتەکانی بیسـتنو وەڵامدانەوەو بەهانا هاتنیشدا!

وە بەڵگەشمان لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە داواکـردنو هاوارپێکردنـە شـیرکی گەورەیـە چەندەها ئایەتی پیرۆزە ، وەك :

١ ـ خودای گەورە لەقورئاندا دەفـەرموێت ﴿وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيباً إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَاداً لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلاً إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ﴾[٨٩] .

---

(٨٩) سورة الزمر ، آية ٨.

واتە " موشریکەکان کاتێك لێیان قەومابا یان کەوتبانە تەنگانـەو نارەحـەتی یەکـەوە ئەوا بەتەنها هاواریان دەکردە خوداو دەگەڕانەوە بۆلای ئەو ، چونکە دەیـانزانی کەتـەنها ئـەو توانای لادانی ئەو ناڕەحەتییەی هەیە بۆیە بەتەنها داوای فریاکـەوتنیان لـەو دەکـرد ، بـەلأم دوای ئـەوە کـەڕزگاری دەکـردن‌و لەنارەحـەتی یـەوە دەیهێنانـە خۆشـی‌و ئاسـودەیی ئـەو پەروەردگارەیان لەبیر دەچووەوە کەلەتەنگانەدا هاواریان دەکردیۆ بەفریایان دەهات ، بۆیە ئەم جارە هاواریان دەکردە غەیری خوداو وێنەو شەریکیان لـەبۆ دادەنـا لـەداواو هاوارپێکردنـدا ، بۆئەوەی خەڵکی گومڕا بکەن هەروەکو چۆن خۆیان گومڕابوون .

خودای گەورەش بەهەڕەشەوە فەرمووی : بەو جۆرە موشریکە سپلأنە بفەرموو : ڕابوێرن بەکوفرو شیرك‌و گومڕاییەکەتان کەمێك ، لەو ژیانە کورتەی دونیادا ، وەبزانن کەئێوە ئـەهلی ئاگری دۆزەخن ئەویۆ شوێنتانەو ڕابواردنی دونیاتان لەبیر دەباتەوە ".

کەواتە لەم ئایەتەدا خودای پەروەردگار هاوارکردنە غەیری خۆی بەشەریك‌و هاوەڵ دانان دانا کەفەرمووی (**وجعل لله أندادا**) وە بەکوفری دانا کەفەرمووی (**تمتع بكفـرك**) وەبەئـەهلی ئاگریشـی دانـان کەفـەرمووی (**إنك من أصحاب النار**) واتـە تـۆ لەدۆسـت‌و هاوەڵـە بەردەوامەکانی ئاگری.

٢ ـ خودای گەورە لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ : ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَومِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاء وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾(٩٠) .

واتە " کێ گومڕاترە لەو کەسەی کەهاواردەکاتە غەیری خودا کە وەڵامی هاوارەکەی نادەنەوەو بێئاگاشن لەهاوارو داواکەی ، وەلەکاتێکیشدا کەخەڵکی کۆکرانەوە لەڕۆژی دوایی دا دەبنە دوژمنیان ، وەبێباوەڕدەبن بەو بەندایەتییەی بۆیان دەکردنو بەو هاوارەی کە دەیانکردنێ ".

ئەم جۆرەی کەباسکرا شیرکی گەورەیەو خاوەنەکەی دەخاتە نێو ئاگری دۆزەخەوە چونکە هەموو ئەو مافانەی کەخودای گەورە لەسەر بەندە هەیەتی ئەو بەکەسێکی دیکەی داوەو هاوارو تکاو داوای شیفاو منداڵو ڕزقو ڕۆزییو خەیر لەکەسێکی دیکە دەکات جگە لەخودا ، لەکاتێکدا خودای گەورە دروستی کردووەو لەنەبوونەوە هێناویەتی یە بوونو ڕزقو ڕۆزیی پێ دەدات .

### جۆری دووەم :

ئەم جۆرە لەهاوارپێکردنو داواکردن لەغەیری خودا دروستەو ناچێتە چوارچێوەی شیرکەوە ، بۆنمونە ، داوا لەهاوڕێیەکت دەکەیت هەندێك پارەت پێبدات ، یاخود هاوار بەکەسێك دەکەیت کەنزیکتە بۆئەوەی فریات بکەوێت کەخەریکە دەخنکێیتو ئەویش

(٩٠) سورة الأحقاف ، آية ٥_٦.

بەتەنیشتتەوەیە ، یاخود داوا لەکەسێك دەکەیت کە کۆڵێـك بەسـەری شـانتەوەیە هاوکاریـت بکات لەهەڵگرتنی .

## ٢ ـ شیرك لەنیەتو ویستو مەبەستدا (شرك النية والإرادة والقصد) :

یەکێکی دیکە لەمافەکانی خودا بەسەر بەندەکانی یەوە ئەوەیە کەلەهـەموو کارێکیـدا تەنها مەبەستی ڕەزامەندی ئەوبێت وە نیەتی یەکێکی دیکە یان شتێکی دیکە نـەبێت جگـە لەخوداو ڕەزامەندی خودا ، وە هەموو ئومـەتان فـەرمانیان بـەوە پێکراوەکـەخودا بەپەرسـتن بەخالصیو تەنهاییو دوور لەشیرك.

هەروەکو خودای گەورە دەفەرمویێت : ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾[٩١] .

بەڵام ئەگەر مـرۆڤ نیـەتو مەبەسـتەکەی لەبنەڕەتـەوە پێچـەوانە کـردەوە لـەخوداوە بۆغـەیری خـودا ، بەشـێوەیەکی وەهـا کەتـەنها لەکردەوەکانیـدا مەبەسـتی دەسـتکەوتنی ڕەزامەندی خەڵکی بێت نەك خودا ئەوا شیرکی گەورەی ئەنجامداوە ، بۆنمونە سەربڕینی حەیوان بۆغەیری خودا لەبنەڕەتدا ، وەکو سەربڕینی بۆقەبری شێخێك یان پیاوچاکێك یان لەبـەر پێـی دەسەڵاتدارێك !! بۆیە یەکسانە ، ئەگەر :

أ ـ مەبەستی دەستکەوتنی دونیاو زەعامەتو پلەوپایەو ڕابواردنی دونیا بێت ، وەکـو کافرەکان کەتەنها مەبەستیان دونیا بوو لەژیانیاندا ، وەکو خودای گـەورە دەفـەرمویێت ﴿مَن

---

[٩١] سورة البينة ،آية ٥.

كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾(٩٢) .

واتە " ئەوەی کەتەنها ژیانی دونیاو جوانییەکانی مەبەستە ئەوا ئێمە لەدونیادا داخوازییەکانیو مەبەستەکانی بۆ دابین دەکەین بەئەندازەی ویستی خۆمان کەبڕیارمان لەسەر داوە بۆیان ، نەك بەگوێرەی مەبەستو ئاواتو هەڵپەی خۆیان ، وە لەدونیا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان وەردەگرن بەلاَم لەدوا ڕۆژدا هیچ پاداشتێکیان نیەو تەنها ئاگری دۆزەخیان بۆهەیەو کردەوەکانی دونیاشیان پوچەڵەو لای خودای گەورە وەرناگیرێت چونکە بەمەبەستی ئەوەوە ئەنجامیان نەداوەو نیەتیان تەنها دونیا بووە ".

ب ـ یاخود تەنها مەبەستی پێش چاوی خەڵکی ( الریاء ) بێت ، بۆئەوە ئەنجامی بدات لەموسوڵمانان بژمێردرێتو بەپیاوچاك دابنرێت لەبەر ئامانجێکی دونیایی کە ئەمەش حاڵی مونافیقەکان بوو ، وەکو خودای گەورە بۆمانی باس دەکاتو دەفەرموێت : ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَآؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾(٩٣) .

واتە " مونافیقەکان ئەگەر هەستابان لەبۆ نوێژ ئەوە بەتەمبەڵی هەڵدەستانو ڕیابزییان دەکردو یادی خودایان نەدەکرد بەکەمی نەبێت ".

(٩٢) سورة هود ، آية ١٥_١٦.

(٩٣) سورة النساء ، آية ١٤٢.

هەروەها خودای گەورە لەئایـەتێکی دیکـەدا دەفـەرموێت : ﴿كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ﴾[٩٤] .

واتە " وەکو ئەو مونافیقانەی کەماڵەکانیان دەبەخشن بـەڕیایی نـەك بـۆ ڕەزامەنـدی خودا ، وە ئیمان ناهێنن بەخوداو بەڕۆژیی دوایی ".

دوو جۆر ( **ریاء** ) مان هەیە :

یەکەم : ڕیيای گەورە : ئەم جۆرەیان مرۆڤ پێی لەدین دەچـێتە دەرەوەو کـافر دەبێـت ، کەبریتی یە لەغەیری خودا مەبەست بوون لەبنەڕەتی کردەوەکانەوە وەك ڕیـایی مونافیقـەکان لەکاتی نوێژو عیبادەتدا .

دووەم : ڕیيای بچووك : کەلەبنەڕەتدا مەبەستی خودایە ، بەڵام نیەتی ڕیيـایی غـەیری خوداشی تێکەڵاو دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا ، وە لەهەمان کاتیشدا پێی دەوترێت (شیرکی بچووك ) یان (شیرکی ون).

### ٣ ـ شیرك لەگوێڕایەڵیدا (شرك في الطاعة) :

هەریەکێك گوێڕایەڵی کەسێك بکـات وەك گوێڕایــەڵیکرنی خـودا واتـە ئیعتیقادیشـی وابێت کە ئەو کەسەی گوێڕایەڵی بۆ دەکرێت شایستەی ئەوەیە فەرماندەبێتو یاسـاو شـەرع دابنێتو گوێڕایـەڵی بکرێـت ، ئـەوا ئـەو کەسـەی کـردووە بەشـەریکی خـودا لـەئیعتیقادی پەروەردگاریشداو لەگوێڕایەڵیو عیبادەتیشدا .

---

[٩٤] سورة البقرة ، آية ٢٦٤ .

وە پەروەردگار لەقورئاندا ڕوونی کردۆتەوە کە گوێڕایەڵی غەیری خودا لەبەحەرام دانانی حەلاڵێك ، یان بەحەلاڵ دانانی حەرامێك شیرکەو ، وە شەریك دانانە بۆخودا لەشەریعەت داناندا ، وەکو خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ﴾[٩٥] .

واتە " ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵێتان کردبان لەحەرامکردنی حەلاڵو لەحەلاڵکردنی حەرامدا ئەوا ئەوانتان کردووە بەشەریکی خودا لەمافی شەریعەت داناندا لەکاتێکدا خودا ئیزنی پێ نەداون".

هەروەها خودای گەورە لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت : ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ﴾[٩٦] .

واتە " زاناو عابیدەکانیان کردبوو بەپەروەردگار جگە لەخودا " چونکە زانا خراپەکانو عابیدە نەفامەکان حەلاڵیان لێ حەرام دەکردنو حەرامیشیان بۆ حەلاڵ دەکردن " .

ئەوانیش ئیعتیقادیان پێیان بوو وە گوێڕایەڵییان دەکردن لەسەر ئەو حاڵەش ، کەواتە پێویستە مرۆڤ ئیعتیقادی وابێت کە تەنها پەروەردگاری دروستکاری بوونەوەر مافی یاساو شەرع دانانی هەیەو شایستەی ئەوەیە ، وەغەیری ئەو کەس شایستەی شەرع دانانی نیە هەتاوەکو پێغەمبەر (ﷺ)یش ، هەروەکو خودای گەورە پێی دەفەرموێت ﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم

(٩٥) سورة الشورى ، آية ٢١.

(٩٦) سورة التوبة ، آية ٣١.

﴿بِمَا أَنزَلَ اللّهُ﴾[٩٧]. واتـە " حـوکم بکـە لـەنێوان خەڵکیـدا بـەو شـەرعو یاسـایەی کـەخودا ناردوویەتی یە خوارەوە ".

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەری خـودا (ﷺ) گوێڕایـەڵیکردنی فەرمانەکانی خودایە ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) تەنها فەرمانەکانی خودامان پێ ڕادەگەیەنێتو هەموو فەرمانەکانی لەوەحی یەوەیە.

## ٤ ـ شیرك لەخۆشەویستیدا (شرك المحبة) :

لێرەدا مەبەست لەو خۆشەویستییەیە کەبۆ غەیری خـودا بێـت کـە بێگومـان ئـەویش شیرکی گەورەیە ، وە ئەو خۆشەویستی یەیە کەئەوپەڕی بەگەورە دانانو مل کەچیو زەلیلـیو ژێرباری لەگەڵدابێت بۆ کەسی خۆشویستراو ، کە بێگومان ئەمیش خۆشویستنی بەندایەتیـە ، کەبنچینەی کردەوە بەندایەتی یەکانی ترەو پاڵنەری عەبدە بۆ نزیـك بوونـەوە لەخۆشویسـتراو بەئەنجامدانی ئەو کارانـەی کـەلای خۆشویسـتراو خۆشەویسـتن ، وە ئـەم جـۆرە خۆشویسـتنە عیبادەتەو خودای گەورەش فەرمانی کردووە تەنها بۆ ئەو بێتو بۆهیچ کەسی تر نـەبێت ، وە نابێت مرۆڤ لەو خۆشەویستتر دابنرێت یاخود بکرێتە هاوبـەشو هاوتـای خـودای گـەورە کـە ئەوەش شیرکی گەورەیە ، وە لەناو خەڵکیدا ئـەم جـۆرە خۆشەویسـتیە بـەڕوونی دەبینرێـت ، خودای گەورە دەفەرموێت ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبّاً لِّلّهِ﴾[٩٨] .

---

(٩٧) سورة المائدة ، آية ٤٩.

(٩٨) سورة البقرة ، آية ١٦٥.

واتە " لەناو خەڵکیدا هەیە کەوێنەو هاوشێوەو شەریکی بۆخودا داناوە لەوەدا کەخۆشی دەوێت وەك خۆشویستنی خودا ، واتە وەکو ئەو خۆشویستنەیە کە بۆخودا هەیە لەگەورە دانانو زەلیلیدا ، بەلاّم بڕواداران خۆشویستنەکەیان بۆخودا زیاترە لەخۆشویستنی موشریکان بۆ خۆشەویستەکانیانو ئیعتیقاد پیێ بووەکانیان ".

هەروەها خۆشویستنی بڕواداران بۆخودا پتەوترە لەخۆشویستنی موشریکەکان بۆی ، چونکە بڕواداران خۆشەویستەکەیان خالصەن لەبۆ خودایە ، بەلاّم موشریکەکان تێکەڵەو تەنها بەشێکی بۆخودایە.

## تێبینی :

أ ـ کەواتە دەبێت خۆشویستنی غەیر خودا پێویستە لەبەر خۆشەویستی خودا (المحبە فی اللە) بێت ، نەك لەگەڵ خۆشویستنی خودا (المحبە مع اللە) بێت ، چونکە یەکەمیان عیبادەتەو تەواوکەری خۆشویستنی خودایە ، بەلاّم دووەمیان شیرکەو کەمکردنەوەی خۆشویستنی خودایە.

ب ـ خۆشویستنی غەیری خودا ئەگەر بەگەورە دانانو مل کەچیو زەلیلی لەگەڵ نەبوو ئەوا شیرك نیە ، وەکو خۆشویستنی منداڵو خێزانو باوكو دایك ، کە هەموو ئەمانە خۆشویستنێکی سروشتی یە.

### ٥ ـ ترسانێکی نهێنی بەئیعتیقادەوە لەغەیری خودا (شرك الخوف) :

### ترسان دوو جۆری هەیە :

**جۆری یەکەم :** ترسانێك کە لەبیروباوەڕو ئیعتیقادی دڵەوە دروست بووە لەیەکێك کە زۆر بەگەورەو خاوەن دەسەلآت دادەنرێتو ئیعتیقادی ئەوەی پێ دەبرێت کەتوانای هێنانی خێرو لادانی شەڕی هەیە ، بۆیە لەبەر ئەوە مرۆڤ لێی بترسێتو زەلیلیو ملکەچی بێتو خۆپارێزی بکات لەو شتانەی کە وادەزانێت ئەو پێی ناخۆشە ، وە ترسە ئیعتیقادییەکە وای لێبکات لێی نزیك ببێتەوە بەهەرچی شێوەیەك بێت کەوا دەزانێت ئەو پێی خۆشە ، وەکو (خێر بۆکردن ، نەزربۆکردن ، حەیوان بۆ سەربڕین ، سوێن پێ خواردن ) وە هۆی بەگەورە دانانو لێ ترسانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئیعتیقادبوون بەدەسەلآت بوونی بەسەر هێنانی خێرو لادانی شەڕ ، بێ ئەوەی هۆی ترسانەکەش بەرجەستەو هەستپێکراو بێت .

ئەم جۆرە ترسە لەعیبادەتە هەرە گەورەکانی دڵە ، لەبەر ئەوە پێویستە تەنها بۆخودا بێت ، واتە دەبێت تەنها لەخودا بترسێن ترسانێك کە لەئیعتیقادەوە دروست بووبێت بەوەی کەخودای پەروەردگار زۆر بەتواناو تۆڵەیەو سەرپێچی کردنی دەبێتە هۆی سزای توندی بێ وێنە ، وە ئەو ترسە لەخودا عیبادەتێکی زۆر گەورەیە بۆی ، چونکە دەبێتە هۆی خۆپارێزیکردن لەتوڕەیی خوداو سەرپێچی کردنی فەرمانەکانیو دۆزەخەکەی.

ئەم جۆرە ترسە نهێنی یە ئیعتیقادییە لەغەیری خوا هەبوو ئەوا شیرکی گەورەیە ، هەروەك موشریکەکانی کۆنو نەفامانی ئەم سەردەمەش لەئەولیاو هەندێ قەبر دەترسن ، چونکە ئیعتیقادیان وایە کە ئەو شێخو ئەولیایانە توانای ئازارو زیان پێگەیاندنیان هەیە وەك

دەبیستین‌و دەڵێن هەركەسێك درەختی وشكیش ببڕێت لەسەر گۆڕی فلاَن پیاوچاك ئەوا زەرەری لێ دەدات‌و تووشی بەلاَو موسیبەتی دەكات .

وە هەروەها بەردو دارو پەڕۆی سەرگۆڕەكەشی بەگەورە دادەنێن‌و ترسێكی نهێنیان لێی هەیە لەقولاَیی دڵەوە ، وە دەتوانن سوێندی ناهەق بەخودا بخۆن بەلاَم لەبەرامبەردا ناتوانن سوێند بەقەبری شێخ یان سەری شێخ بخۆن (كەخۆی لەخۆیدا بەهەق‌و بەناهەق شیركە بەغەیری خودا سوێند بخورێت) ، چونكە لەوان زیاتر دەترسن وەك لەخودا !!!!! ئەم ترسەش شیركە چونكە خودای گەورە فەرمانی كردووە بەبوونی ئەو ترسە لەو بەتەنها ، وە هەر شتێكیش خودا فەرمانی پێكردبێت‌و پێی خۆش بێت ئەوا عیبادەتەو هەقە ، تەنها بۆ ئەو بكرێت ، وە لادانی بۆ غەیری خودا شیركە ، وە هەروەها ئەو ترسە دەبێتە ڕێگری بەندە لەسەرپێچی كردنی فەرمانەكانی خودا .

وە بێگومان شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات ئەم جۆرە ترسە بخاتە دڵی موسوڵمانانەوەو وایان لێبكات لەغەیری خودا وەكو لەپیاوچاكان‌و شتی وەهمی‌و نادیار بترسن‌و ترسەكەیان تەنها لەخودا نەبێت ، وەكو خودا فەرموویەتی ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾[٩٩] .

واتە " شەیتان دەتانترسێنێت لەغەیری خودا لەدۆستەكانی ! دەی مەترسن لەوان بەڵكو تەنها لەخودا بترسێن ئەگەر ئێوە بڕوادارن ! " كەواتە لەو ئایەتە پیرۆزەدا دەركەوت كەنابێت لەغەیری خودا ئەم جۆرە ترسە شاراوە ئیعتیقادییەمان هەبێت ئەگەر ئیمانداربین ، وە

---

(٩٩) سورة آل عمران ، آية ١٧٥ .

لەئایەتی دیکەشدا خودا ئەو ترسەی لێ حەرامکردووین ، وەکو دەفەرموێت ﴿فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ﴾[100] .

واتە " لەئەوان مەترسێت ، بەڵکو لەخودا بترسێن ".

**جۆری دووەم : ترسی سروشتی** : وەك لە شێر یا لە مار یا لە زا لمێکی دەسەلآتدار بترسێت ،ئەوجۆرە ترسە شیرك نییەو سروشتییە چونکە ترسێکی نهێنی ئیعتیقادی نییە بەڵکو هۆی ترسناکە بەرجەستەو هەست پێ کراوو بەرچاوە . وە گوناهیشی نییە ئەگەر نەبێتە هۆی وازهێنانی واجب یا کردنی حەرام ، بۆ نمونەکاتێك پەروەردگار فەرمانی کرد بەموسا و هارونی برای کە بچن بۆلای فیرعەونی زالم وتاغوت ،هەردوکیان ترسان و وتیان :﴿ قَالَا رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَن يَطْغَى﴾[101] .

واتە: ئێمە دەترسین دەست درێژیمان بکاتە سەر ، یاخود یاخی بێت لەحەق .بەلآم لەگەڵ ئەو مەترسییەش فەرمانی پەروەردگاریان هەربەجێ گەیاندوو ترسەکە نەبووە هۆی کەمتەرخەمی گوناهباری .کەواتە پێویستە موسوڵمانان بەگشتی و بانگەوازیکارانی ریگای ڕاستیش بەتایبەتی ترسی ستەمکاران نەبێتە ڕێگری پابەند بونیان بەدینی خودا و بانگەوازی بۆ ڕێبازە ڕاستەکەی .ئەگینا گوناهبار دەبن وپەروەردگار لێیان دەرەنجێت وپشتیان تێ دەکات ،کەواتەپێویستە لەسیفەتی ترسنۆکی خۆمان بپارێزین وە دینی خودا ڕابگەیەنین ولەخوا نەبێت لەکەسی تر

---

(100) سورة المائدة ، آية ٣.

(101) سورة طه ، آية ٤٥.

نەترسین ، بۆ ئەوەی لەوکەسانە بین کەپەروەردگار لەم ئایەتانەدا مەدحی کردوون : ﴿الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَداً إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيباً﴾(١٠٢) .

## ٦ ـ شیرك لە پشت پیٚ بەستندا (شرك التوكل) :

شەشەم : شەریك بۆخوا دانان لەپەرستندا: شیرك لەئیعتیماد کردنە سەرو پشت پیٚ بەستندا پێویستە مرۆڤ بۆ دابینکردنی خۆشی ولادانی ناخۆشی پشت ببەستێت بەو پەروەردگارە هەردەم زیندووەی کەنامریٚ ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ﴾(١٠٣) . وە بەتوانایە لەسەر هەموو شتێك ﴿وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾(١٠٤) .بەلاَم غەیری خودا قابلیەت وتوانای ئەوەی نییە کەپشتی پیٚ ببەسترێت وئیعتیمادی بخرێتە سەرو ئەمەلت پێی بێت کە خۆشیت بۆدابین بکات وناخۆشیت لەسەر لاببات .لەبەرئەوە پەروەردگار فەرمانی کردوە بەپشت بەستن تەنها بەخۆی :﴿ وَعَلَى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾(١٠٥) .واتە تەنها بەخوا پشت دەبەستن .(وەهەر شتێکیش خودا فەرمانی کردبێت بەئەنجامدانی وپێی خۆشبێت ئەوە عیبادەتەو حەقە تەنها بۆخودا بکرێت، وەلادانی بۆ غەیری خودا شیرکە ).وەئیعتیماد خستنە سەر خودا لەهەموو کارێکدا ، لەگەورەترین جۆرەکانی عیبادەت کردنی دلە بۆ خودا .وەلەگەورەتین سیفاتە چاکەکانی بڕوادارە

---

(١٠٢) سورة الأحزاب ، آية ٣٩.

(١٠٣) سورة الفرقان ، آية ٥٨.

(١٠٤) سورة الأنعام ، آية ١٠٢.

(١٠٥) سورة إبراهيم ، آية ١٢.

ڕاستەقینەکانە ، کە ﴿وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾[١٠٦] .وەبێ ئیعتیماد خستنە سەر خودا نەئیمانداریێتی هەیە نە ئیسلامەتی لە بەرئەوە پەروەردگار پشت بەتەنها بەخوا بەستنی کردۆتە مەرجی ئیمان:﴿ وَعَلَى اللهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾[١٠٧] .واتەبەتەنها بەخواپشت ببەستن ئەگەر ئێوەبروادارن . کەواتە ئەگەر مرۆڤ پشتی بەخوا نەبەست ئەوە ئیمانی نیە .وەئەگەر پشت پێ بەستنەکەی بەتەنهابەخودا نەبوو بەڵکو ئیعتیمادی خستە سەر غەیری خودا بۆدابین کردنی سودو لادانی زیانێکی وا کەلەتوانای کەسدانیە جگە لە الله . وەك ئیعتیماد خستنە سەر ئەولیاو پیاوچاکی مردو یان غایب ، بۆئەوەی بیپارێزن و ڕزقی زۆرکەن و شەفاعەتی بۆبکەن ، ئەوە ئیمانداری ڕاست نیە و شەریکی بۆخوا داناوەو شیرکی گەورەی کردووە پەنا بەخوا .بەڵام کەهاتوو لەشتێکی دیاری لە توانادابووی مرۆڤ ،ئیعتیمادی خستە سەر کەسێکی زیندووی بەتوانا ،ئەوەش هەر شیرکە ،چونکە ئیعتیمادی دڵی خستۆتە سەرغەیری خودا ،وەئومێدو ڕەجای بە غەیری خودا بووە .بەڵام شیرکی بچووکە نەك گەورە .

**تێبینی** : پشت بەخودا بەستن بەتەنها ئەوەناگەیەنێت کەهیچ وەسیلەو سەبەبێك نەگرینەوە دەست .بەڵکو پێویستە مرۆڤ سووربێت لەسەر بەکارهێنان وگرتنەدەستی هەر سەبەبێك کەسوودی تێدا دەبینرێت ،بەڵام لە پاشانیش تەنها پشت بەخودا ببەستێ نەك بە سەبەبەکانی وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی :(احرص على ماينفعك واستعن

---

(١٠٦) سورة النحل ، آية ٩٩.

(١٠٧) سورة المائدة ،آية ٢٣.

باللە)[١٠٨].واتە سوربە لەوەدەست هێنانی هەرشتێك كە سودت پێ دەگەیەنێت وەپشتیش تەنها بەخودا ببەستەو داوای یارمەتی تەنها لەو بكە سودت پێ بگەیەنێت بە (سەبەبەكانت و سەبەبی تریش كە خۆی دەیزانێ ). وە خودای گەورەدەفەرموێت :﴿ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾[١٠٩] . واتە:خودا بپەرستەو هەر عیبادەتێك كە نزیكت بكاتەوە لەبەهەشت بیكە ،بەلاّم نەكەی پشت بەعیبادەتەكەت ببەستیت و وابزانێت لە بەهای عیبادەتەكەت دەچیتە بەهەشت و عیبادەتەكەت بای ئەوەیە .كەواتە وازهێنان لەئەسباب وهەولّ وتێكۆشان بەبیانوی پشت بەخودا بەستنەوە ،بێ شەرعی وبێ عەقلّیە .وەلە بەرامبەریشدا زێدەڕەوی كردن لە ئەسبابدا و ئیعتیماد خستنە سەریان جگە لەخودا شیركە . پەنا بەخودا.

## جۆری دووەم :

## شیركی بچووك [*](الشرك الأصغر)

زانایان بەچەند شێوەیەك پێناسەیان كردووە بۆئەوەی هەموو جۆرەكانی بگرێتەوە ،ئەمەش شێوەكانن :

١ ـ (ما جاء في النصوص تسميته شركا ولم يصل إلى حد الأكبر).

---

[١٠٨] رواه مسلم.

[١٠٩] سورة هود ، آية ١٢٣.

[*] لەگۆڤاری ڕێگای ڕاست ژمارە (٢) وەرگیراوە بەدەستكاری یەكی كەمەوە.لەنوسینی (خالد أحمد).

هەرمەبەستێك (إرادە) وە کردارێك وە گوفتارێك کەبەشیرك ناو برابێت لەدەقەکانی قورئان و سوننەتدا وە نەگەیشتبێتە پلەی شیرکی گەورە ،ئەوە شیرکی بچووکە .

٢ ـ هەموو ئەو نیەت ومەبەست و گوفتار و کردارانەی کە نەگەیشتبنە پلەی عیبادەت و سەربکێشن بۆشیرکی گەورە هۆی توش بوونی بن . ئەوە شیرکی بچووکە . ئەگەر لەشەرعیشدا ناوی شیرکی لێ نەنرابێت . وەك زێدەرەوی کردن لەمەدح و پیاهەڵدانی پیاوچاکان ، بە ئەندازەیەك کە نەگەیەنرابێتە پلەی پەرستن .

٣ ـ دانانی شتێك بەهۆ (سبب )ێك بۆ ئامانجێك " کە پەروەردگار ئەو شتەی بەهۆ(سبب) دانەنابێ و نەیکردبێ بە سەبەبی ئامانجەکە ،وە نەلەشەرعدا وە نە لەقەدەرو کەوندا ، ئەوە شیرکی بچووکە .وەك لە دەست کردنی ئەڵقەیەکی مس یا هەرمادەیەکی تر یاپەڕۆی شاڵ بەو بیروباوەڕەی کەهۆ (سبب)ی شیفایەو بەڵاو ناخۆشی لادەبات . وەبێگومان ئەم جۆرە شتانە سەبەبی شیفانین نە لەشەرعداوە نە لەقەدەرو واقع و تەجروبەدا .

٤ ـ واتە :شیرکی بچوك بریتی یە لەیەکسان کردنی غەیری خوا بە خوا ،لەشێوازی کردار یا گوفتاری زمان . نمونەی شەریك بۆ خوا دانان لەشێوازی کردار ، پێش چاوی (الرياء)ە وەنمونەی شەریك دانان لەگوفتاری زمان "ئەو وتەو گوفتارانەن کەیەکسان کردنی تێدا بەدی دەکرێت لەنێوان پەروەرگارو دروستکراوەکانیدا . وەك ئەو

وتەیە کە دەڵێن . خوا حەزکات تۆش حەزکەیت ! وەشیرکی لەهەریەک لە نیەتی دڵو وتەی زمان کردەوەی لاشەداڕوودەدات . بەم شێوەیەی خوارەوە :

**( أ ) شيرك لەنيەت ومەبەستە ون و ناديارو شاراوەكانی دڵ ( الشرك في الإرادات الخفية ) :**

**وەك :**

١ ـ ڕیاو پێشچاوی خەڵك ( الرياء ) . واتە : لەخوا پەرستندا مەبەستت تەنها خوا نەبێت بەڵکو مەبەستت پێش چاوی خەڵکیش بێت بۆئەوەی لای ئەوان بەگرنگ و مەزن دابنرێیت و ڕێزت لێبگیرێت .

٢ ـ بەگوێ دادانی خەڵك (التسميع) . واتە: لە وتەکاندا مەبەستت ئەوە بێت خەڵکی گوێ بیستت بن کەتۆ چەند باش و چاکیت . لەحەدیسدا هاتوە( **إن أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر . قالوا وما الشرك الأصغر ؟ قال الرياء . يقول الله عز وجل لأصحاب ذلك يوم القيامة إذا جازى الناس اذهبوا إلى الذين كنتم تراؤون في الدنيا فانظروا هل تجدون عندهم جزاء؟** ) [١١٠] .

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی :بەراستی ترسناك ترینی ئەو مەترسیانەی کە لە سەر ئێوەم هەیە شیرکی بچوکە دوای ئەوە هاوەڵان فەرمویان : شیرکی بچوك چی یە ؟ فەرموی : (الرياء) بریتی یە لەڕیایی و پێش چاوی کردنی خەڵکی . واتە لە نوێژو

---

[١١٠] السلسلة الصحيحة (٩٥١).

پەرستندا بۆخوا زیاتر بیڕازێنێتەوە و بەتەواوی دەریخەیت کاتێك یەکێك سەیرت دەکات بۆئەوەی لەپێش چاوی ئەوکەسە بەعەبدێکی باش دەرکەویت و ڕێزی تایبەتت بگیرێت !! وەپێغەمبەر (ﷺ) قەرموی : خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا کاتێك پاداشتی خەڵکی دایەوە بە ڕیا کاران دەفەرموێت ئێوە بۆ وەرگرتنەوەی پاداشتی کردەوەکانتان ـ کەڕیایتان تێدا کردوە ـ بڕۆن بۆ لای ئەو کەسانەی کەپێشچاوی ئەوانتان دەکرد لەدونیاداو مەرایتان بۆ دەکردن . بزانن هیچ پاداشتێکتان دەست دەکەوێت لای ئەوان ؟!

وە (سومعە) ئەوەش دەگرێتەوە کە تۆ کردەوەکەت بشاریتەوە لەخەڵکی لەکاتی کردنیدا بۆ ئەوەی تەنها خودا لێ ئاگادار بێت بەلاَم دوایی لەلای خەڵکی باسی بکەیت بۆ ئەوە عیبادەتی تۆ ببیستن ، وەهەردوو سیفەتی ریایی وسومعە ( واتە پێش چاوکردن و بەرگوێ خستن ) . سیفەتی خراپن و لە بنەڕەتدا هی مونافیقەکانن . وە هەرکەسێ ئەم سیفەتانەی ببێت لەدونیا ئەوە لەوانەیە لەدونیا تاماوەیەك بەمەبەستی خۆی بگات واتە خەڵکی بەپیاوێکی باش ببینن و ناو بانگی ببیستن . بەلاَم زۆری پێ ناچێت خوای گەورە پەردە لەسەر نیەتە ناپاکەکەی هەڵدەماڵێت ولەپێش چاوی خەڵکی سووك دەبێت . وە لە دوارۆژیشدا بەیەکجاری خودای گەورە سووك و ریسوای دەکات لەپێش چاوی خەڵکی بەئاشکرا لەو ڕۆژەدا کەنهێنی و ڕازونیازە شاراوەکانی ناو سنگ و دڵەکان

دەردەخـرێن و ئاشـکرا دەبـن . وەك خـودای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ﴾[111].وە لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت : ﴿ وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ ﴾[112]

وەلەحەدیسدا هاتووە کەپێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (من يرائي يرائي الله به ومن يسمع يسمع الله به)[113] .

وەلە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت : (ما من عبد يقوم في الدنيا مقام سمعة ورياء إلا سمع الله به على رؤوس الخلائق يوم القيامة)[114] .

واتە : هەرکەسێ ڕیایی لە کردەوەکانیدا بکات لەدونیا وە باسیان بکات لای خەڵکی بۆ ئەوەی پلەی بەرز بێتەوە لای خەڵکی و ڕێزی لێ بگرن وبەپیاوێکی باش دابنێن . ئەوە لەڕۆژی دواییدا خودای گەورە لەپێش چاوی خەڵکی سووك وریسوای دەکات و خەڵکیش هەواڵی سووك کرانی دەبیستن بەویستی خوا .

پەروەردگار داوا لەتۆ دەکەم بمانپارێزیت لەسومعەو ڕیایی . وە ئیخلاسمان پێ ببەخشیت .

---

(١١١) سورة الطارق ، آية ٩.

(١١٢) سورة العاديات ، آية ١٠.

(١١٣) متفق عليه.

(١١٤) صحيح الترغيب والترهيب ، برقم(٢٨).

**( ب ) شیرك لەوتەكانی زماندا ( الشرك في أقوال اللسان ) :**

ئەم جۆرەشیان نموونەیان زۆرە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ، وەك :

١ ـ سوێندخواردن بەغەیری خودا بەمەرجێك بەمەبەستی ئەوە نەبێت كە ئەو كەسەی یان ئەو شتەی سوێندی پێ خوارد گەورەو مەزنو پیرۆز بێت وەكو " خودا " ئەگینا دەبێتە شیركی گەورە .

٢ ـ وتنی (أحكم الحاكمين) و (قاضي القضاة) (شاهنشاه) بەحاكمێك جگە لەخودا .

٣ ـ ناونان بە (عبدالنبي) و (عبدالرسول).

٤ ـ وتنی خودا بیەوێتو تۆ بتەوێت ! (ماشاء الله وشئت ) ! یان (لەپەنای خوداو تۆدا) یان (لەسایەی خوداو تۆدا) ! یان (خوداو پێغەمبەر بتانپارێزێت ) یان ( بەناوی خواو پێغەمبەر ) ... هتد .

لەچەند فەرموودەیەكدا هاتووە كە :

١ ـ (عن قتيلة بنت صيفي امرأة من جهينة قالت إن حبرا جاء إلى النبي ﷺ فقال إنكم تشركون تقولون ما شاء الله وشئت وتقولون والكعبة ، فقال رسول الله ﷺ : قولوا ماشاء الله ثم شئت وقولوا ورب الكعبة ) [١١٥] .

---

[١١٥] السلسلة الصحيحة ، برقم ١٣٦.

واتــه " ئـافرەتێکی جوهەینــه کـەناوی (قوتەیلـەی کچـی صـەفی یـە)بوو (ڕەزای خودای لێبێت) وتی : زانایەکی جولەکە هاتە لای پێغەمبەری خودا ﷺ وە وتی : ئێوە شەریك و هاوەڵ بۆخودا دادەنێن ، دەڵێن : خودا بیەوێت و تۆ بتەوێت ، وە یان دەڵێن : خودا حەزبکات و تۆش حەزبکەیت ، وە دەڵێن : بەکەعبە .

وە پێغەمبــەر ﷺ فــەرمووی : بلّـێن : ئەگـەر خـودا حـەزبکات لەپاشـان تـۆش حەزبکەیت ، وە بلێن : سوێند بەپەروەردگاری کەعبە ".

٢ ـ (عن ابن عباس قال جاء رجل إلى النبي ﷺ فراجعه في بعض الكلام فقال ما شاء الله وشئت فقال رسول الله ﷺ أجعلتني مع الله عدلا ( وفي لفظ ندا ) لا بل ما شاء الله وحده)[١١٦] .

واتە " عبدالله ی کوڕی عەباس (رضي الله عنه) فەرمووی : پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) وە هەندێ دوا لەگەڵیداو وتی : خودا حەزبکات و تۆش حەزبکـەیت ، پێغەمبـەریش (ﷺ) پێی فەرموو : ئەوە تۆ منت کردە هاوەڵ و یەکسان و شەریکی خودا ؟!

نەخێر جارێکی تر وانەڵێیت ، بەڵکو بڵێ ، گەر خودا حەزبکات بەتەنها ".

چـونکە هەرشـتێك خـودا بیـەوێت هـەر ئـەوە دەبێـت" ئێمـە بمانـەوێت یـان نەمانەوێت ! !

[١١٦] السلسلة الصحيحة ، برقم ١٣٩ .

کەواتە ئێمە شیاوی ئەوە نین ناومان بخرێتە پاڵ ناوی خودا ، یاخود بکرێینە هاوەڵو شەریکی خودا.

**( ج ) شیرك لەشێوازی کردەوەکانیدا ( الشرك في هيئة الأعمال ) :**

**ئەمیش چەند جۆرێك لەخۆ دەگرێت :**

١ ـ ڕەش بینین بەهەندێ شت ، یان بەهەندێ کاتو شوێن (التشاؤم والتطير).

٢ ـ چوون بۆلای فاڵ گرەوەو باوەڕ پێکردنی ، وە چوون بۆلای شوێن هەڵگر بۆ دۆزینەوەی دز ، وە باوەڕکردن بەساحیرو جادوکەرو فنجانو ئاوێنە گرەوەو بەخت گرەوە.

٣ ـ نوێژکردن بۆخودا لای قەبری پیاوچاكو سوژدەبردن بۆخودا تیایدا ، وە خوێندنەوەی قورئانو عیبادەتکردن بەو نیەتەی کە لای قەبر عیبادەت باشترە.

٤ ـ تەبەروك کردن بەشوێنەواری پیاوچاکانو ئاسەواری لاشەیانو جلوبەرگیان لەژیانیاندا یاخود لەدوای مردنیشیان ، واتە ئیعتیقاد بوون بەبوونی بەرەکەتو پیرۆزیو خێری زۆرو دەستکەوتی ئەو خێرە لەشوێنەوارو لاشەی پیاوچاکاندا ، ئەگەرچی باوەڕیشی وابێت بەرەکەتەو لەخوداوەوەیە ، هەر شیرکی بچووکە ، بەڵام گەر باوەڕی وابێت کە تەبەروکەکە لەپیاوچاکەکەوەیە نەك لەخودا ئەوا شیرکی گەورەی ئەنجامداوە.

٥ ـ تکاکردنی داهێنراو (التوسل البدعی) : واتە هەوڵی خۆنزیك کردنەوە لەڕەزابوونو خۆش ویستنی خودا بەئەنجامدانی عیبادەت بۆخودا لەلای گۆڕی پیاوچاکان بەتایبەت.

یاخود بڵێی : خودایە بۆخاتری ئەوان لێمان خۆش ببەو داوامان قبولْ بکە !

٦ ـ هەڵواسینی (پەڕۆ و موور و ناڵی ئاژەڵ و چاوەزار و شتی خورافی لەم بابەتە ) بۆ لادان و نەهێشتنی چاوەزرا و حەسادەت و زەرەر و زیان .

تێبینی : شیرکی بچووك جۆری وای هەیە لەوانەیە بگاتە شیرکی گەورە ، ئەوەش کاتێك کەبیروباوەڕی دڵی لەگەڵدا بوو وەکو شیرکی گەورە ، بۆنمونە :

أ ـ سوێندخواردن بەغەیری خودا شیرکی بچوکە ، بەڵام سوێند پێخوراو لەدڵدا بەگەورە دانراو کرا بەهاوەڵو شەریکی خودا ئەوا لەو کاتەدا دەبێتە شیرکی گەورە.

ب ـ پێش چاوی ( الرياء ) شیرکی بچوکە ، بەڵام ئەگەر لەبونی ئیمان بەخودا ڕیایی هەبێت ، واتە ئیمان هێنانەکەی بەخودا تەنها لەبەر خودا نەبێت بەڵکی لەبەر ئەوە بێت کەخەڵکی موسوڵمان بەموسوڵمانی بزانن ئەوا شیرکی گەورەیەو ئاکاری مونافیقەکانە.

ج ـ لەدەستکردنی جۆرە ئەڵقەیەکی زیو یان هەرچی شتێك بێت یاخود پەڕۆیەك بێت بەمەبەستی ئەوەی کە تایبەتە بەچاوەزار و حەسادەت یاخود نەخۆشی ، ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە ئەو شتە تەنها سەبەبی خۆپارێزی یە لە شتانە ئەوا ئەو کاتە

شیركی بچوكە ، بەلأم لەبەرامبەردا ئەگەر لەدڵیشەوە بڕوای وابوو كەخودای ئەو ئەڵقەیە دەبێتە هۆی لادانی نەخۆشی و حەسادەت نەك تەنها سەبەبە ئەوا ئەو كاتە شیركی گەورەی ئەنجامداوە .

د ـ ئیعتیقاد بوون بەئەستێرە بۆ باران بارین ، واتە بیروباوەڕی وابێت كەوا ئەستێرە سەبەبێكە لەسەبەبەكانی باران بارین ئەوا شیركی بچوكە ، بەلأم ئەگەر لەدڵەوە ئیعتیقادی كە ئەستێرەكان باران دەبارێنن ئەوا شیركی گەورەیە .

**حوكمی شیركی بچووك :**

هەركەسێك لەهەردوو جۆرەكەی شیرك كە ( گەورە و بچووكە ) ڕزگاری بوو ئەوا بەهەشتی مسۆگەر كردووە بەفەزڵی خودا .

وە هەركەسێك شیركی گەورەی بووبێت و لەسەری مردبێت پێش تەوبە كردن ، ئەوا دۆزەخی بۆ مسۆگەرە بەعەدل و دادپەروەری خودا .

وە هەركەسێك لەشیركی گەورە ڕزگاری بێت و تووشی هەندێ لەشیركی بچووك بووبێت ، بەلأم كردەوە چاكەكانی زیاتربێت لەخراپەكانی ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە بەیارمەتی خودا .

وە هەركەسێك لەشیركی گەورە ڕزگاری بوو بەلأم شیركی بچوكی ئەنجامدا تاوەكو تاوانەكانی زیاتر بوو لەچاكەكانی ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە پەنا بەخودا .

| جیاوازی لە نێوان<br>شیركی گەورە و شیركی بچوك | |
|---|---|
| **شیركی گەورە** | **شیركی بچوك** |
| ١ ـ تەوحیدو یەکتاپەرستی خودا لەبنەڕەتەوە ناهێڵێتو مرۆڤ پێی لەدین دەچێتە دەرەوە. | ١ ـ لەگوناهە گەورەكانەو تەواوێتی تەوحید ناهێڵێت ، بەلاّم مرۆڤ پێی لەدین ناچێتە دەرەوە. |
| ٢ ـ هەموو کردەوەکانی مرۆڤ هەڵدەوەشێنێتەوەو مرۆڤ هیچ کردەوەیەکی چاکی بۆنامێنێتەوە. | ٢ ـ تەنها ئەو کردەوە هەڵدەوەشێنێتەوە کەزاڵ بووە تیایدا |
| ٣ ـ خاوەنەکەی بەهەتا هەتایی لەدۆزەخدا دەمێنێتەوەو بەهەشت لەسەری حەرام دەبێت. | ٣ ـ سزای بەردەوامی دۆزەخ بۆخاوەنەکەی دابین ناکات ، بەڵکو هۆی چونە ناو دۆزەخەو ئەگەر خودا بیەوێت دەیخاتە ناو دۆزەخو ئەگەریش بیەوێت ئەوا لێی خۆش دەبێت. |
| ٤ ـ گەر خاوەنەکەی تەوبەی لەسەر نەکات پێش مردنی ، ئەوا بەهیچ شێوەیەك خودا لێی خۆش نابێت. | ٤ ـ لێخۆش بوون لەو جۆرە لەژێر ویستو مەشیئەتی خودایەو مەجالی لێبوردنی هەیە. |
| ٥ ـ خاوەنەکەی خوێنو ماڵی حەلاڵ دەبێت بەهۆی شیرکی گەورەوە ، | ٥ ـ خوێنو ماڵی خاوەنەکی پارێزراو دەبێت ، دەبێتە خوەنەکەی |

| | |
|---|---|
| واتە دروستە ئیسلام خوێنی برێـژێت وە ماڵیشـــی بەغەنیمـــە ببـــات ، چـــونکە لەموسـلمان ناژمێردرێـت ، بۆیـە بـەهیچ شێوەیەك پارێزراو نابێت. | بەموســـوڵمان دەژمێردرێـــت ، بـــەڵام موسوڵمانێکی تاوانبارو کەم باوەڕە. |

## دوا وتە :

سوپاس بۆخودا کەدوای ماوەیەکی زۆر کاتی پێ بەخشیم بۆ ئـەوەی بتـوانم ئـەم نامیلکە بچوکە پێشکەش بەبرا لاوەکانم و خوشکە بەڕێزەکانم بکەم ، گومانی تێـدا نیـە کە ئەم کارەی پێی هەڵساوم شتی زۆر لەخۆ دەگرێت بەڵام بـۆ ئـەوەی بتـوانین زیـاتر و زیاتر خزمەت بەچینی لاوان بکەین هەوڵی ئەوەم داوە باشترین شـتیان بـۆ بخەمـە ڕوو ، کـە ئـەویش یەکتاپەرسـتی خـودای گەورەیـە ، بۆیـە داوا لـە پـەروەردگاری زەوی و ئاسمانـەکان دەکـەم کـە ئەگـەر لـەم نوسـینەمدا پێکامـە ئـەوا پلـەی مـن و ئەوانـەش بەرزبکاتەوە کە ماندوو دەبن بۆ گەیاندنی ئەم ئاینە پیرۆزە ، بەڵام ئەگەر نـەمپێکاوە ، ئەوا هەر خۆی دەتوانێت لێم خۆش بێت جگـە لـە ئـەو هـیچ پـەروەردگارێکی دیکـە نیـە داوای لێخۆشبوونی لێبکەم ، وە دڵنیاتان دەکەمـەوە کـە دوژمنـانی ئـەم ئاینـە پـیرۆزە لەهـــەموو شـــوێنێکی ئـــەم جیهانـــە هـــەردەم لەهـــەوڵی ئـــەوەدان کەیەکـــەم شـــت کـــە یەکتاپەرستی خودای گەورەیە نەیهێڵن و خەڵکی توشـی شـیرك و گـومڕایی بکـەن ، کـە ئەو کارەیان کرد ئیـدی هـەموو پایـەکانی دیکـەی ئیسـلام دەڕوخـێ و ئـەم ئاینـە هـیچ سودێك بەخاوەنەکەی ناگەیەنێت گەر یەکتاپەرستی تێدا نـەبوو ، تکاشـم لەبـەڕێزتان ئەوەیـە

لەهەموو کاتێکدا کە دەژین خۆتان و ماڵو منداڵ و ڕەفیقە دڵسۆزەکانتان فێری یەکتاپەرستی خودا بکەن ، ئەگینا هەرکەسێك یەکتاپەرستی تەواو نەبوو ئەوا هیچ کردەوەیەکی لێ وەرناگیرێ و بەهەتا هەتایی لەدۆزەخدا دەمێنێتەوە خودا پەنامان بدات ، وە هەردەم لەدوعای خێر لەکاتە گرنگەکاندا بێبەشمان مەکەن ، ( **إن شاء الله** )

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم أجمعين

**بەپشتیوانی خوای گەورە کۆتایی پێهات**

**ئامادەکار / مامۆستا هیوا زیرەك کفری / ٧ـ٩ـ٢٠١٠**

## سەرچاوەکان :

١ ـ العقيدة الصحيحة وما يضادها . نوسینی ( الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز )

٢ ـ عقيدة أهل السنة والجماعة ، نوسینی ( الشيخ محمد بن صالح العثيمين )

٣ ـ عقيدة التوحيد .نوسینی (الشيخ د.صالح بن فوزان بن عبدالله آل فوزان )

٤ ـ بیروباوەڕت وەربگرە لەقورئان و سوننەت ، نوسینی ( محمد جميل زينۆ ) ، وەرگێڕانی ( م. محمد عبدالرحمن ) .

٥ ـ کورتەی بیروباوەڕی ڕاست لەقورئان و فەرموودە ڕاستەکاندا ، نوسینی ( محمد جميل زينۆ ) ، وەرگێڕانی ( یوسف ڕەشید ) .

٦ ـ ڕوناکی یەکخواپەرستی و تاریکیەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای گەورە لەژێر بەڵگەی قورئان و سوننەتدا ، نوسینی ( سعيد بن علي بن وهف القحطاني ) ، وەرگێڕانی ( م . شاخوان جواد أحمد ) .

٧ ـ سەرەتای یەکخواپەرستی ئەی بانگەوازخوازانی ئیسلام ، نوسینی ( الشيخ محمد ناصرالدين الألباني ) ، وەرگێڕانی ( د ـ هیوا نجم الدين حيدر ) .

٨ ـ گۆڤاری ڕێگای ڕاست ژمارە (یەك و دوو و سێ ) و ژمارەکانی تر .

٩ ـ نوسینەکانی ( مامۆستا خەلیل ئەحمەد) لە ماڵپەڕی بەهەشت : ( www.ba8.org ) .

لەگەڵ چەندین نوسین و بلاْوکراوەی تر لەسایتە ئینتەرنێتەکان .